Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ستراتیژی کارکردنی زمانی تەکنۆلۆژیا پەیوەست بە تیۆری بۆشاییە ئاوەزییەکانەوە

**م.د. نالی ئەدهەم غەریب**

**مامۆستا، بەشی زمانی کوردیی، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق**

nali.gharib@uoh.edu.iq

## الملخص:

ئـەم توێژینەوەیـە لـە چوارچێـوەی زانسـتی زمانـی درکپێکـردن(Cognitive Linguistics)دایـە و بـە دیاریکراویـش تایبەتـە بـە یەکێـک لـە تیۆرییەکانـی (سـیمانتیکی درکپێکـردن Cognitive Semantics)، کـە ئەویـش تیـۆری (بۆشـاییە ئاوەزییـەکان Mental Spaces)ە. بـۆ ئەمەیـش، چەنـد لایەنێکـی زمانەوانیـی و بەکارهێنانـە زمانییەکانـی ژیانـی رۆژانـە و چۆنێتیـی پێـواژۆ و رووداوـە زمانییـەکان لەسـەر سیسـتمەکانی تەکنۆلۆژیـا، تاقیکراونەتـەوە. بـەو واتایـەی، کـە بەشـداری و کاریگەرییەکانـی زمـان و زمانەوانیـی و تەکنۆلۆژیـا و پەیوەندییەکانـی نێـوان هەرکامیـان، بـە نموونـە و داتـای شـیکراوەی زمانـی و تەکنۆلۆژییـەوە، روونکراونەتـەوە. هەوڵـدراوە لـە روانگـەی تیـۆری بۆشـاییە ئاوەزییەکانـەوە، بەسـتنەوەیەک لـە نێـوان (زانسـتی زمـان و تەکنۆلۆژیـا و بەکارهێنانـە رۆژانـە و بەردەوامەکانـی ئینتەرنێـت و داهێنـراوە نوێیەکانـی لـە چەشـنی زیرەکـی دەسـتکرد و چـات جـی پـی تـی)دا بکرێـت. نموونـە و لایەنـی کارەکیـی پێویسـت، بـە شـیکاری تیۆریـی و دەربـڕاوی زمانیـی و خزمەتگوزارییـە ئینتەرنێتییـەکان و وێنـەی سـەملێنەرەوە، پێشکەشـکراون. لـە تیـۆری بۆشـاییە ئاوەزییەکانـدا، هەمـوو دەربـڕاوەکان لـە مەودایەکـی تایبـەت بـە ناوەڕۆکەکانیانـەوە هاتـوون. مـەوداکان، بـە بۆشـایی ناوئەبرێـن، چونکـە رووبەرێکـن بـۆ رووداوـی هـەر شـتێک. دوو بۆشـاییش لـە پێـواژۆی بونیادنانـی ناوەڕۆکـە ویسـتراوەکاندا رۆڵ ئەگێـرن، کـە بـە بۆشـاییە بنەڕەتییـەکان و بۆشـاییە بونیادنـراوەکان ناوئەبرێـن. زمانـی بەکارهێنـراو لـە تەکنۆلۆژیـادا، هەمـان سـتراتیژ پەیڕەوئـەکات و خزمەتگوزارییەکانـی لـە روانگـەی بۆشـاییە تایبەتییەکانـی خۆیـەوە پێشکەشـی بەکارهێنـەران ئـەکات. بـەم شـێوەیە، وردەکارییەکانـی تیـۆری بۆشـاییە ئاوەزییـەکان و لێکدانەوەکانـی ئـەم تیۆرییـە بـۆ دەربـڕاوە زمانییـەکان و پاشـانیش بەسـتنەوەیەک لـە نێـوان هەمـوو ئەمانـە و زمانـی تەکنۆلۆژییـدا، لـە دەربـڕاوی رۆژانـە و ئۆپەراسـیۆنە زمانییەکانـی تایبـەت بـە تەکنۆلۆژیـادا، خراونەتـەڕوو.

**کلییلە وشەکان: سیمانتیک؛ درکپێکردن؛ بۆشایی ئاوەزیی؛ بۆشایی بنەڕەتیی؛ بۆشایی بونیادنراو؛ زمانی تەکنۆلۆژیا.**

Recieved: 30/7/2024
Accepted: 15/8/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

توێژینەوەکە بە ناونیشانی: ستراتیژی کارکردنی زمانی تەکنۆلۆژیا پەیوەست بە تیۆری بۆشاییە ئاوەزییەکانەوە، تایبەت و تەرخانە بە دوولایەنی کارکردنی جیاواز، ئەوانیش لایەنێکی زمانەوانیی و پاشان بوارێکی تەکنۆلۆژیی. لە دواتریشدا و بەهۆی شرۆڤەکانی تیۆری بۆشاییە ئاوەزییەکانەوە، هەرکام لەو دووانە پێکەوە ئەبەسترێنەوە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ئەو هاوشێوەییەی، کە لە نێوان ستراتیژەکانی کارکردنی زمانی تەکنۆلۆژیی و لێکدانەوەکانی تیۆری بۆشاییە ئاوەزییەکان بۆ دەربڕاوەکان و چۆنێتیی بونیادنانی بنەڕەتە ئاوەزییەکانی ئاخاوتنەکانی مرۆڤدا هەیە. لە توێژینەوەکەدا هەوڵدراوە نواندنی هاوشێوەییەکە و بەستنەوەی دەربڕاوە زمانییەکان بە چەندین لایەنی تری نازمانیی و پاشانیش چۆنێتیی کارکردن و سودوەرگرتنی تەکنۆلۆژیا و زمانی تەکنۆلۆژیی لەم تیۆرییە، هەروەها کارکردن لە نوێترین بواری زانستی زمان، کە ئەویش زانستی زمانی هەژمارەیی (Computational Linguistics)ە، بخرێتەڕوو. لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی کارکردنی (شیکاری درکپێکراوانەی ئەزموونبەند) پەیڕەو بکرێت. ئەمەیش بەستنەوەی سێ جۆری کارکردن لە خۆیدا ئەتوێنێتەوە، (شیکاری درکپێکراوانە)، تایبەتە بە شێوازی کارکردن بەپێی فەلسەفەی قوتابخانەی زمانەوانیی درکپێکردن، هەروەها کاری (ئەزموونبەند)یش، تایبەتە بە داتا و نموونە وەرگرتنی ئەزمونییانە لە بوارە تەکنۆلۆژییەکەدا و لە کۆتایشدا شیکاری نموونە و بەڵگە زمانیی و تەکنۆلۆژییەکان. توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا: هێڵە گشتی و تایبەتییەکانی تیۆری بۆشاییە ئاوەزییەکان، بڕوا و لێکدانەوە و شرۆڤەکانی بۆ دەربڕاوە زمانییەکان و خستنەڕووی مەودا شیاوەکانی ئاخاوتن، خراونەتەڕوو. بەشی دووەم: تایبەتە بە هەرکام لە بۆشاییە بنەڕەتییەکان و بۆشاییە بونیادنراوەکانی ئاخاوتنەکان، کە چۆن هەرکام لەو بۆشاییانە، ڕۆڵ و بەشداریی تایبەتیان لە بونیادنانە ئاوەزییەکانی ئاخاوتنەکاندا هەیە. لە بەشی سێیەمدا، شێوازی کارکردنی چەند لایەنی پەیڕەوکراوە، کە ئەویش خۆی لە خستنەڕووی هاوبەشییەکانی نێوان زمان(بۆشاییە ئاوەزییەکان) و زمانی بەکارهێنراوی تەکنۆلۆژیی و ئەو بوارە تەکنۆلۆژییانەی، کە پەیوەستن بە زمان و زانستی زمان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە (تەکنۆلۆژیی_زمانیی)یەکانی ڕۆژانە و بەکارهێنراوی مرۆڤەوە. جێبەجێکردنی هەموو ئەمانەیش لە زمانی کوردی و بەکارهێنانی وەشانە کوردییەکاندا.

### ١) بنەڕەت و بنەماکانی تیۆریی بۆشاییە ئاوەزییەکان

لە زانستی زمانی درکپێکردن(Cognitive Linguistics)دا، هەر کام لە لقەکانی (ڕێزمانی درکپێکردن Cognitive Grammar) و (سیمانتیکی درکپێکردن Cognitive Semantics)، بە چەند تیۆریی و وەچە تیۆرییەکەوە، سەرنج و لێکدانەوەی درکپێکردنانە بۆ زمان و دەربڕاوە زمانییەکان دەخەنەڕوو. مەبەست لە درکپێکردنیش، توانای ناسینەوە، بەیادهێنانەوە، بینینی شت و ڕووداو و دیاردەکانە لە زۆرترین گۆشەنیگاوە، کە ئەم گۆشەنیگایە، تەنها و تەنها پەیوەست نابێت بە زمان و وردەکارییە زمانییەکانەوە، بەڵکو دەربڕاوەکان، تێهەڵکێش و ئاوێتەی چەندین بوار و پێکهێنەری تری لە چەشنی (زیرەکیی، یادەوەریی، شوێن و کات، ناسینەوە...هتد)ی ئاوەزی مرۆڤن. هەموو ئەمانە زمان و دەربڕاوەکانی بونیاد ئەنێن و لە سەرێکی تریشەوە، زمان ئەمان ئەنوێنێتەوە. بەم شێوەیە دەربڕاوەکان گوزارشت لە ئاستی توانستی درکپێکردن و تێگەیشتن لە دەوروبەر ئەکەن. "زمان شوێنێکە، کە عەقڵ و ئاوەز و بیرکردنەوەی تێدا لەنگەر ئەگرێت"(جەمال، نەوزاد، ٢٠١٥: ١١٤). لەم ڕوانگانەوە، تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکی درکپێکراوانەی دەربڕاوەکان، ڕاستەوخۆ دەستگەیشتنە بە شێوازی بیرکردنەوە و چۆنێتیی پەیپێبردن و ئاستی درکپێکردنی کەسی قسەکەر بە جیهان

و بارودۆخـەكان و هەڵهێنجانـی زانیاریـی و ئاگاییـە زمانیـی و نازمانییەكانیشـی.

بـەم شـێوەیە، هۆكارەكانـی ناسـینەوە و بەیادهێنانـەوەی دیـاردە و رووداو و زانیارییەكانـی دەوروبـەر و جیهـان، بـە شـێوەیەكی یەكسـان و لـە هەمـان كاتـدا جیاوازیـش، بەسـەر تـەواوی لاشـەی مرۆڤـدا دابەشـبوون. یەكسـان، بـەو واتایـەی، كـە هـەر بەشـێكی لاشـەی مـرۆڤ، ئەبێـت بـە سـەرچاوە و كەناڵێكی زانیاریـی، لـە كاتێكـدا ڕێـژە و كوالێتیـی بەدەسـتهێنانی زانیارییـەكان لـە پەیوەسـت بـە بەشـەكانەوە، جیـاوازن. ئـەم ئامڕازانـە بـە شـێوەیەكی ڕاسـتەوخۆ پەیوەسـت و پەیوەندییـدارن بـە توانسـتی دركپێكـردن (Cognitive Competence)ی مرۆڤـەوە. ئەمیـش (دركپێكـردن)، هاوتـا بـە (زمـان)، ڕۆڵ ێكـی دەسـەڵاتدارانەیان بەسـەر خواسـت و ویسـتەكانی مرۆڤـدا بەخشـیوە. هەمـوو ئەمانـە لـە زمانـدا خۆیـان ئەنوێنن(مانیفێسـت ئەكەنـەوە). بـەم شـێوەیە، دەربڕاوەكانیـش گوزارشـت لـە ئاسـتی توانسـتی دركپێكـردن و مۆدێـل و سـتراتیژی تێگەیشـتن لـە شـت و ڕووداوەكان ئەكـەن. لێرەشـەوە هـەر كام لـە ڕەهەندەكانـی (خودیـی Subjectivism) و (بابەتێتیـی Objectivism)، لـە ناواخـن و مەبەسـتەكانی نـاو دەربڕاوەكانـی ئاخێوەرانـەوە، دێنـە ئـاراوە. بـەو واتایـەی، كـە ئایـا ئـەوە بابەتێتییـە وا ئـەكات، كـە ئاخێـوەران چـۆن لـە بارەیانـەوە بدوێـن؟ یاخـود ئـەوە ئاخێوەرانـن لەبـەردەم هەڵبژاردنـی شـێواز و گوزارشـتە هەمەجۆرەكانـی دەربڕینـدان لـە بابەتێـك؟ تـەواوی ئـەو لێكدانەوانـەی سـەرەوە ئەتوانێـت لـە بونیـاد و ناوەڕۆكـی مەبەسـتی دەربڕاوەكانـی ئاخێوەرانـەوە، دركیـان پـێ بكرێـت. بـۆ ئەمەیـش، سـیمانتیكی دركپێكـردن و بـە دیاریكراویـش تیۆریی بۆشـاییە ئاوەزییـەكان، ئـەم بابەتانـە ئەخاتـە بـەر سـەرنج و لێكۆڵینـەوەی زمانانـەی دركپێكراوانـەوە.

تیۆریـی بۆشـاییە ئاوەزییـەكان(Mental Spaces)، وەک یەكێـك لـە تیۆرییەكانـی نـاو ڕێبـازی كاركردنـی سـیمانتیكی دركپێكـردن، لێكدانـەوە و شرۆڤـە ئاوەزییـەكان بـۆ دەربـڕاوەكان ئەبەسـتێتەوە بـە دوولایەنـی: ١- ئـاوەزی كەسـی ئاخێـوەر، ٢- ئـەو بۆشـاییە فیزیكییـەی، كـە تێیدایـە. دواتریـش بەسـتنەوەی پێكهێنـەرە فیزیكییەكـە بـە سـەرجەمی ئـەو بەشـانەی ئـاوەزەوە، كـە ئەبـن بـە هـۆكار و سـەرچاوە لـە بونیادنانـی دەربڕاوێكـدا. لـە سـیمانتیكی دركپێكردنـدا، یەكەكانـی دەربڕاوێكیـش وەک خاڵـی دەستڕاگەیشـتن بـە كۆزانیارییـە زمانییـەكان، دائەنرێـن. بـەو واتایـەی، كـە هـەر یەكەیەكـی پێكهێنـەری دەربڕاوێـك، كۆگایەكـی زانیاریـی زمانییـە، لـە زانیاریـی فۆنۆلـۆژی و مۆرفۆلـۆژی و ... پراگماتیكیشـەوە، تاوەكـو زانیارییـە نازمانییەكانـی ئـەو یەكەیـەی، كـە بەكارهێـنراوە، كـە هەمـوو ئەمانەیـش لـە ئـاوەزدا داكراو(Save)ن. بـەم شـێوەیە، بونیادنانـی واتـا، پێواژۆ(Process)ێكـی ئاوەزیـی چەمكییـە. لـە بەجێهێنانـی پێواژۆیەكیشـدا، چەنـد لایەنێـك بەشـدارئەبن. بـە هـەر كام لـەو لایەنانـە ئەوترێـت (مـەودا Domain). "بـە سـەرجەمی ئـەو مەودایانـەی، كـە پێواژۆكـە ئەنوێنـن، ئەوترێـت: بۆشـاییە ئاوەزییـەكان". (Evans, V. and Green, M., ٢٠٠٦: ٣٦٣). تیۆریـی بۆشـاییە ئاوەزییـەكان، لەلایـەن زانـا (Gilles Fauconnier)ەوە لـە سـاڵی (١٩٨٥) و لـە نـاو سـیمانتیكی دركپێكردنـدا، داهێـنراوە، پاشـان لـە وەشـانەكانی (١٩٩٤، ١٩٩٧) دا، لەگـەڵ زانـا (Mark Turner)دا و لەچەندیـن ڕوانگـەی تـرەوە تیۆرییەكـە گەشـەی پـێ دراوە و هـەر بـۆ خۆیشـی بـووە بـە بنەڕەتـی چەنـد تیۆرییەكـی تـری نـاو ڕێبـازی كاركردنـی سـیمانتیكی دركپێكـردن، بـۆ نموونـە تیۆرییەكانـی (مێتافـۆڕی چەمكییانـە، مێتۆنیمیـی چەمكییانـە و تیۆریـی ئاوێتەبـوون). (قـادر، كاروان عومـەر، غەریـب، نالـی ئەدهـەم، ٢٠١٩: ٤١٢-٤١٣).

تیۆریـی بۆشـاییە ئاوەزییـەكان، بـڕوای وایـە، كـە واتـا، تەنهـا بەهـۆی زمانـەوە پێـك ناهێنرێـت و تایبـەت و تەرخانیـش نییـە بـە داڕشـتەی ڕسـتەكانەوە، لەبـری ئەمـە، داڕشـتەیەكی (چەمكسـازیی/ بەچەمككـردن Conceptualization)ە. نموونـەی (١) و لێكدانـەوە واتاییـە دركپێكراوەكانـی لـە (٢)دا، بـۆ زیاتـر ڕوونكردنـەوەی ئـەم ڕوانینەیـە:

**١) گوێم لێ ناگریت.**

**٢) ا- لە بارودۆخێکی ئاساییدا، کەسێک گوێ لە قسەکانی کەسێکی تر ناگرێت.**

ب- گوێنەگرتن، بەهۆی قسەکردنی چەند کەسێکی ترەوە.

پ- گرنگیینەدان بە قسەی کەسێک، (ئیهمالکردن).

ت- ئەگەر (١)، لە نێوان باوک و کوڕێکدا بێت:

١ - لە باوکەوە بۆ کوڕ (ئامۆژگارییکردن)

٢- لە کوڕەوە بۆ باوک (تێنەگەیشتن)، بەهۆی سرووشت و بارودۆخی تایبەتیو کوڕەکەوە.

بەهـۆی لێکدانـەوە واتاییەکانـی (١)ەوە، کـە لـە (٢)دا خراونەتـەڕوو، ئـەوا بونیادنانـە واتاییەکـەی (١)، بـە چەنـد مـەودا/ بۆشـاییەکەوە پەیوەسـت ئەبێتـەوە. ئـەم سروشـتە لـە لێکدانـەوەی واتـای دەربـڕاوەکان، لـە لایـەن تیۆریـی بۆشـاییە ئاوەزییەکانـەوە پشـتگیریی لـێ ئەکرێـت. بـڕوای تیۆرییەکـە بەوجۆرەیـە، کـە لێکدانـەوەی واتـای زمانیـی، راسـتەوخۆ شـوێنکەوتەی دەوروبـەر و بارودۆخـی فیزیکیـی و ئاوەزیـی بەکارهێنەرانیەتـی. بـۆ ئـەم مەبەسـتە، خـودی زانـا (Fauconnier, G., ١٩٩٤: ١٦)، دەربـارەی بۆشـاییە ئاوەزییـەکان ئەڵێـت: "بونیادنانـی جیـاوازە لـە داڕشـتە زمانەواییـەکان، بـەڵام لـە هـەر دەربڕاوێکـدا، لەسـەر بنەمـای ئـەو ڕێگەپێدانانـەی، کـە زمـان و خـودی دەربـڕاوەکان دابینیـان ئەکـەن، ڕووئـەدات. لـە مۆدێلەکـەدا بۆشـایی ئاوەزیـی وەک کۆمەڵەیەکـی داڕشـتەیی و شـیانی زیادکـردن ئەناسرێـت". هـەر کام لـە یەکـە زمانییـەکان و پەیوەندیـی نێوانیشـیان، وەک داڕشـتەیەک ئەناسـێنرێت، بەهـۆی درووسـتکردنی پەیوەندیـی جیاوازیی نێوان یەکەکانیشـەوە، شـیانی زیادکـردن دێتـە ئـاراوە. بـۆ نموونـە درووسـتکردنی پەیوەندیـی جیاواز(بەهـۆی بارودۆخـی فیزیکیـی، دەوروبـەر و ئـاوەز)ی نێـوان یەکەکانـی (١)ەوە، هەنـگاو بـە هەنـگاو لێکدانـەوەی واتایـی و بونیـادی واتایـی جیـاواز بـۆ دەربڕاوەکـە، زیـاد ئەکـرا. بـەم شـێوەیە سـەرجەمی لێکدانەوەکانـی (٢)، لـە بۆشـایی ئاوەزیـی (١)دا دائەنرێـن. کەواتـە (١)، مەودایـەک ئەڕەخسـێنێت، کـە وەک بۆشـاییەک، سـەرجەمی لێکدانەوەکانـی (٢) لەخـۆی بگرێـت. هیـچ کام لـە لێکدانەوەکانـی (٢)، ناتوانرێـت بـە دابـڕاوی لـە گوتـاری بـەردەوام و دەوروبـەر، بـە تەنهـا لێکدانـەوەی سـیمانتیکی، واتـای تـەواوی خۆیـان بـدەن بـە دەسـتەوە. کەواتـە یەکێـک لـە بنەمـا بنچینەییەکانـی تیۆریـی بۆشـاییە ئاوەزییـەکان، نەتوانینـی جیاکردنـەوەی توانسـتی سـیمانتیکییانەیە لـە توانسـتی پراگماتیکیـی و لـە دواتریشـدا هـەردوو توانسـتەکە وەک یـەک گـورزە(Package) لـە ئـاوەزدا ئەنوێنێـت. بـۆ نواندنـی ئـەم ئاسـتەیش، بونیادنانـی واتـا پەیوەسـت ئەبێتـەوە بـە سـتراتیژی کارکردنـی ئـاوەز و دەروونـی مـرۆڤ، لـە بەرامبـەر ئـەو دیـاردە، ڕووداو و مەبەسـتانەی، کـە ئاخێـوەر ئەیەوێـت لەبارەیانـەوە بدوێـت. کەواتـە بـەو شـێوەیەی (فۆکیونـەر) ئەیخاتـەڕوو، بونیادنانـی واتـا، خـۆی لـە جێبەجێکردنـی دوو پێـواژۆدا ئەبینێتـەوە: "١- بونیادنانـی بۆشـایی ئاوەزیـی. ٢- دامەزراندنـی نەخشەسـازیی و هێڵەگرێـدەرەکان لەنێـوان ئـەو بۆشـاییە بونیادنراوانـەدا". (Evans and Green, ٣٦٨). وێنەگرتنێـک بـۆ ئـەم پێواژۆیانـە لـە ئـاوەزدا ڕووئـەدەن، بـەڵام بـۆ ڕوودانـی ئـەو وێنەگرتنـە و بەجێهێنانـی پێـواژۆکان، بابـەت، ڕووداو و دیاردە...هتـد یـەک پێویسـتن، تـا ئاخێـوەر وێنەگرتنەکـەی لـە ئاوەزیـدا بـۆ بـکات. بـەو واتایـەی کاتێـک ئاخێوەرێـک دەربـارەی (نەخۆشـی) ئەدوێـت. بـۆ بونیادنانـی واتـا دەربـارەی ئـەم بابەتـە، پێویسـتی بـە ڕەخسـاندن و داڕشـتنێکی دەروونییانـە لـە ئاوەزیـدا ئەبێـت. بـۆ نموونـە ئاسـتی پەیپێبردن و درکپێکـردن و هەڵوێسـتی دەروونیـی کەسـەکە دەربـارەی نەخۆشـیی و ئـەو نەخۆشـییە دیاریکـراوەی، کـە ئەیەوێـت لەبارەیـەوە بدوێـت. لەپاشـاندا دامەزراندنـی نەخشـە و بەسـتنەوەکان لەنێـوان هەمـوو ئەمانـەدا، تاوەکـو بەرزتریـن ئاسـتی درکپێکـردن لـە دەربـڕاو و ئاخاوتنەکانیـدا بنوێنێـت. لـە ڕاسـتیدا بونیادنانـی بۆشـایی دەروونـی بـە مەبەسـتی ڕەخساندنی پانتاییەکـە بـۆ گوزارشـتکردن، پاشـان درووسـتکردنی

نەخشەسازییەکە، بە مەبەستی دەستڕاگەیشتنە بەو مەودا زانیارییانەی، کە بەشدارانی ئاخاوتن (بۆ نموونە گوێگران) ناتوانن راستەوخۆ دەستیان پێی بگات. بۆ نموونە هەنگاوی یەکەم بۆ گوزارشتکردنە لە بارودۆخی نەخۆشی، لە کاتێکدا هەنگاوی دووەم زەمینەسازکردنە بۆئەوەی گوێگرانیش بتوانن دەستپێداگەیشتنیان بە مەودا رەخسێنراوەکان هەبێت. ئەمەیش لەبەرئەوەی، کە تیۆرییەکە پێیوایە ئاخێوەران لە هەر دەربڕاوێکیاندا ناتوانن لەو بۆشاییە ئاوەزییە دەربچن، کە خۆیانی تێدان. بە واتایەکی تر، ئەو ژینگە سرووشتییەی، کە لە چواردەورییەتی، ئەبێت بە بنەمای تێگەیشتنەکان و دەستپێکردن بە ئاخاوتن و دارشتەی وشە و رستەکانی. تێگەیشتن و سروشتی ئاخاوتن و سەرجەمی بەکارهێنانە زمانییەکانیشی، لە پەیوەست بە ئاخێوەرەوە راستیین و رەنگدانەوەی ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوە و زانینەیەتی بۆ ئەو بۆشایی/فەزایەی، کە تێیدایە و لێیەوە دەستی بە ئاخاوتن و هەڵبژاردنی وشە و دارشتنی رستەکانی کردووە. ئیتر بەکارهێنانە زمانییەکانی راست یان هەڵە بن، بۆ کەسی ئاخێوەر وەک راست و درووست دەرئەکەون، چونکە سەرچاوەکەی هەم ژینگەکەیەتی، هەمیش ئەزموون و زانینە خودییەکانی خۆیەتی. لەم روانگەیەوە بۆشاییە ئاوەزییەکان "دارشتەی بەشەکیین، کاتێک بیبر ئەکەینەوە و قسە ئەکەین، زۆر ئەبن. ئەمەیش رێگە بە دابەشکردن و فراوانکردنی وردی ئاخاوتن و دارشتەکانی زانینمان ئەدات". (Fauconnier, ١٩٩٧: ١١). بەو واتایەی، کە لە ئاوەزدا بۆشاییەک بۆ هەر گوزارشتێک هەیە، ئیتر بۆشاییەکە بەشێکە لە بوارێکی شیاو بۆ ئاخاوتن، بەڵام ئەم ئەبێت بە بەشێک لەو بوارە شیاوە فراوانە. لەکاتی بیرکردنەوە لە بارودۆخێک و ئاخاوتن لە بارەیەوە، ئەم بۆشاییە فراوان ئەبێت و لەگەڵ بۆشاییە بەشەکییەکانی تردا، پانتاییەکی فراوان ئەڕەخسێنن، ئەمەیش بە واتای زۆربوونیان دێت. ئاراستەی گونجاوی زۆربوون و فراوانبوونی ئەم بۆشاییانە، لەخۆوە نییە. بەڵکو لەسەر بنەمای زانیین و ئەزموونە بەجەستەکراوەکانمانە. بۆ نموونە:

### ٣) هەست ئەکەم پیاوێکی زۆر تێگەیشتووە.

لە هەنگاوی یەکەمدا بۆشاییەکی دیاریکراو و بونیادنراو بۆ (بڕوای من)، پاشان بونیادنانی بۆشاییەکی تریش بۆ (تێگەیشتوویی پیاوێک)، هەردوو بۆشاییەکە بۆخۆیان و لەدەرەوەی دەربڕاوی (٣)دا، بەشەکین لە کۆزانینێکی فراوان، بەڵام هاتنیان پێکەوە و لە نموونەیەکی وەک (٣)دا، شیانی فراوانبوونی بۆشاییەکەیە. لە کاتێکدا ئەگەر هاتوو بیر لە نموونەی (٤) بکەینەوە و دەریببڕین:

### ٤) وا هەست ئەکەم پێرار کەسێکی تێگەیشتووتر بوو.

سەرەڕای بونیادی هەمان بۆشاییەکانی نموونەی (٣)، ئەبێت بۆشاییەکی کاتیی(زەمەنی)یش بۆ نموونەی (٤) بونیاد بنرێت، کە تێیدا زانینەکان دەربارەی (سێ ساڵ پێش ئێستا، دوو ساڵ پێش ئێستا و پار)، رێک ئەخرێت و ئەمەیش بە واتای دابەشکردن و فراوانبوونی ئاخاوتن و دارشتەکانی زانینمانە بەهۆی بۆشاییە ئاوەزییەکانەوە. "بەکارهێنانی هەر فۆرمێک، راستەوخۆ ئاماژە بە کردەیەک ئەدات، کە ئاخێوەر/بەکارهێنەر لە سەرچاوەی درکپێکردنییەوە بونیادی ئەنێت و لە ساتی بونیادنانیشیدا راستەوخۆ ئاماژە بە تەواوی ئەو زانیارییە زمانییانە ئەکات، کە ئەو یەکە/هێمایە لەخۆی ئەگرێت". (قادر، کاروان عومەر و غەریب، نالی ئەدهەم، ٢٠٢٤: ٢٤). سەرەڕای هەموو ئەمانە دارشتەی زانینی ئاخێوەر ئەوەستێتە سەر بیرکردنەوە و ئایدیا و روانینی ئەو کەسە لە زانینی دەربارەی (تێگەیشتوویی)، کە ئەشێت ئایدیای ئاخێوەری نموونەکانی (٣ و ٤) لە هەرکام لە روانگەکانی (ئایینی، خوێندەواریی و رۆشنبیریی، سیاسیی... هتد)

یەوە بێت. بەو واتایەی بڕیاردان بە تێگەیشتوویی یان ناتێگەیشتوویی (پیاوەکە)، لەو روانگانەوە ئەبێت، کە ئەمەیش بۆخۆی ئاماژە بە بۆشاییەکی یەکگرتوو لە چەندین بۆشایی تر ئەکات و خاسیەتی بەشەکیبوونی بۆشاییە سەرەتاکانی پێکهێنەری دەربڕاوەکان فراوانتر ئەکات.

سەرەڕای گرنگیی و بەهەندوەرگرتنی هەرکام لەو بۆشاییانە، بەڵام بەهۆی سادەییانەوە(کە سادەییان لە ئاشنابوون و شارەزاییمانەوە دێن)، شاراوەن. مەبەست لە شاراوەییەکەیان ئەوەیە، کە کاتێکی کەمتریان پێویستە بۆ تێگەیشتن. بۆ نموونە ئەو کاتەی، کە پێویستە بۆ تێگەیشتن لە (پێرار)، کەمترە وەک لەوکاتەی، کە پێویستە بۆ تێگەیشتن لە (تێگەیشتوویی). هەرچەندە ئەو بۆشاییەی، کە بۆ بونیادنانی (پێرار) لە نموونەی (٤)دا رەخسێنراوە، بۆ هەرکام لە ئاخێوەر و گوێگر گرنگن، بەڵام لەبەرئەوەی هەرکامیان ئاشنایی و شارەزایی تەواویان دەربارەی هەیە، بۆیە ئەبێت بە بۆشاییەکی شاراوە. هۆکاری شاراوەییان بۆ ئەزموونە زمانیی و نازمانییەکانی ئاخێوەران ئەگەڕێتەوە، کە شارەزایی زمانییانی لێ پێکهاتووە، کە ئەم شارەزاییەش لەسەر بنەمای بەکارهێنانی زمانییەوە هاتووە. "پێکهاتە زمانییەکان لە بچووکترین یەکەوە تاوەکو ئاست و پێکهێنەرە فراوانەکانی تر، سەرجەمیان بۆ کارلێک و کاریگەریی و کاردانەوەی (ئەزموونە جەستەیی و ئاوەزییەکان)ی ئاخێوەران لەگەڵ شت و کەس و رووداو و یەکە زمانییەکانی گوزارشت لەمانە ئەگەڕێتەوە". (قادر، کاروان عومەر و غەریب، نالی ئەدهەم، ٢٠٢٣: ٣٤٩-٣٥٠). ئەمەش بە واتای شارەزایی و ئاگایی ئاخێوەرانە لە یەکە بەکارهاتووەکانی ناو دەربڕاوەکاندا. ئەم شارەزاییەش ئەیانکات بە یەکەی سادە و ئاشنا. بەم جۆرە "بەردەوام ئاخێوەران ئەو جۆرە مەوداـ(Domain)انە درووست ئەکەن، کە بەهۆی زانیارییە زمانییەکان و بارودۆخ و دەوروبەرە هەنووکەییەکانەوە دەست پێ ئەکەن". (Liu, H. and Gao, Y., ٢٠١٠: ٧٥). هەرکام لە من (Pro) و (پیاو) و (تێگەیشتوو)، لە نموونەی (٣)دا، مەوداکانی گوزارشتن لە (٤)دا، (پێرار)یش ئەبێت بە مەودایەکی تر، کە زانیارییەکی هەنووکەییە و بەهۆی بارودۆخ و دەوروبەرەوە دروستئەبێت و ئەو زانیارییە ئەبێت بە دەستپێکی بونیادنانی بۆشاییەکی ئاوەزیی تر و ئەمەش بە واتای زۆربوونی داڕشتەکانی زانینمان دێت، کە لە زانینێکی بەشەکییەوە فراوان ئەبێت و بە هێڵێکی گرێدەر بە بۆشاییەکانی تروە ئەبەسترێتەوە.

## ٢) بۆشایی بنەڕەتیی و بۆشایی بونیادنەر لە بۆشاییە ئاوەزییەکاندا

دەربڕاوەکان لەمەودا رەخسێنراوەکانەوە دەست پێ ئەکەن، کە بە سەرجەمی مەوداکان ئەوترێت بۆشایی. ئاشکرایە بۆشاییش، بە واتای رووبەرێک دێت، کە هەر شتێکی شیاو بەو بۆشاییە لەخۆی بگرێت. لە نموونەکانی (بۆشایی ئاسمان، بۆشایی دەم، بۆشایی قوڕگ، بۆشایی یاسایی ....هتد). لەسەر هەمان داڕشتە و ئانالۆژیانە، بۆشایی ئاوەزیی بەرهەمهێنراوە. بۆشاییەکان یەکەکان لەخۆئەگرن. ئەو یەکانەی، کە شیانی روودانیان لەو بۆشاییەدا هەیە. هەر بۆیە بۆشاییە ئاوەزییەکان بوارە پەیوەندیدارەکان بە لۆژیک، یادگە، سەرنجدان، لێکدانەوە و هەڵهێنجان/داهێنان... هەموو پێواژۆ ئاوەزییەکان لەخۆ ئەگرێت. بەهۆی ئەمەشەوە بۆشایی ئاوەزیی، مەودایەک بۆ روودانی هەموو ئەمانە ئەڕەخسێنێت، ئەمەیش لە پێناو بەمۆدێلکردنی زانیاری و کۆزانیارییەکانی مرۆڤدایە. بەو واتایەی، بۆشاییەکی ئاوەزیی لە پەیوەندیی بە ئەزموون و یادەوەرییەوە هەرکام لەو دووانە بەمۆدێل ئەکات و مرۆڤەکان لە دواتردا بە ئاسانی ئەتوانن (لێخوڕین، مەلەکردن، ناسینەوەی کەسەکان و رۆیشتنەوە بۆ شوێنێکی دیاریکراو، قسەکردن دەربارەی ئەو شتانەی، کە لە چوارچێوە ئێستاییەکەی ئاخێوەرانیشدا نەبن)، بەجێ بهێنن، چونکە هەر کام لەمانە بەمۆدێلکراون. کەواتە ئەرکی بۆشایی ئاوەزیی، بە مۆدێلکردنی کۆزانیاریی گشتی و کۆزانیاریی تاکە. بەم شێوەیە "کۆزانیاریی،

زانیارییـە دەربـاری ئـەوەی، کـە ئەیزانێـت و ئـەوەی ئەبێـت بیزانێـت. زانیارییەکانیـش جۆراوجـۆرن، بەشـێک لـەو زانیارییانـە نەگـۆڕن و لای هەمـوان یـەک چەشـنن، وەک ئەندامەکانـی لـەش؛ بەشـێکی تریـان درووسـتکراون بـە ڕێـگای دارشـتن و لێکـدان". (عەبـدوڵا، مهابـاد کامیـل، ٢٠١٧: ٦٠٤).

لـە سـیمانتیکی درکپێکـردن و تیـۆری بۆشـایی ئاوەزییـدا، گرنگـی بـە کۆزانیـاری ئەدرێـت، چونکـە ئـەوە کۆزانیارییـە، کـە لەڕێیـەوە ئەتوانرێـت هـەر جـۆرە بۆشـاییەک بـۆ هـەر جـۆرە زانیارییـەک بونیـاد بنرێـت، یـان تەنانـەت بوونیـان هەبێـت. "کۆزانیاریـی بـە دروسـتبوویەکی ئەنجامـی کارکـردن و کارلێکردنـی ئـاوەز و جەسـتەی مـرۆڤ بەیەکـەوە، دەستنیشـان ئەکات، کـە جەسـتەی مـرۆڤ ئەزموونـی دەوروبـەر و جیهانـی دەرەوە ئـەکات و پاشـان ئـەو ئەزموونانـە لـە ئـاوەزدا هەڵئەگرێـن و دواتـر ئەبـن بـە شـارەزایی و بـە هـۆی زمانـەوە، ئـەم ئەزمـوون و شـارەزاییە بەکـۆد ئەکرێـن". (قـادر، کاروان عومـەر و ئیبراهیـم، شـیلان ڕەحیـم، ٢٠١٩: ٢٧). بـەڵام ئـەوەی، کـە پەیوەسـتبێت بـە زمـان و بۆشـاییە ئاوەزییەکانـەوە، بـە هـەر کام لـە بۆشـایی بنەڕەتیـی و بۆشـایی بونیادنـراو ئەخرێنـەڕوو. هـەر لـە سـەرەتاوە مەبەسـت لـە بۆشـایی بنەڕەتیـی، ئـەو زانینـە هاوبـەش و زانراوانەیـە، کـە راسـتەقینەن و ئەکەونـە مـەودای نێـوان ئاخێـوەر و گوێگـرەوە و بابەتییانەیـە. وەک لـە هێڵکاریـی (١)دا خراوەتـەڕوو:

بۆشایی بنەڕەتی

ئاخێوەر ⟷ گوێگر

هێڵکاریی (١)

هاوبەشییەکانی ئاخێوەر و گوێگر لە بۆشایی بنەڕەتیدا

لـە بۆشـایی بنەڕەتییـدا، هیـچ کام لـە ئاخێـوەر و گوێگـر لارییـان لـەو بـڕەی زانیاریـی و راسـتییانە نابێت، کـە لـە دەربڕاوەکاندا هاتـوون. کەواتـە بۆشـایی بنەڕەتیـی مـەودای ڕەخسـێنراوی گوزارشـتکردنە لـە ڕارودۆخـی هەبـوو. لـە نموونـەی (٥)دا، بۆشـاییەکی بنەڕەتیـی بونیادنـراوە و گوزارشـتەکە تەنهـا لـە بابەتیـی بـووە:

## ٥) کیلۆیەک مۆز بە دوو هەزار.

مەوداکانـی گوزارشـت لـە هـەرکام لـە (بـڕ، شـت، بەهـا)، کـە یەکسـانە بـە (کیلـۆ، مـۆز، دوو هـەزار)، ئامـاژە بـە بۆشـایی بنەڕەتیـی ئەکـەن، کـە زانیارییەکـی هاوبەشـی دیاریکـراو و زانـراوی هـەرکام لـە بەشـدارانی ئاخاوتنـە. بونیادنانـی بۆشـاییە بنەڕەتییـەکان و هەڵبژاردنیـان لـە نێـوان توانسـت و خواسـتی چەندیـن هەڵبژاردنـی تـر دایـە، کـە ئەوانیـش بـە هەمـان شـێوە بۆشـایی بنەڕەتییـن. بـۆ نموونـە لەبـری (یـەک کیلـۆ)، چەندیـن بۆشـایی بنەڕەتیـی تـر، ئەتوانـن ئامـاژە بـە هەمـان راسـتیی بکـەن، لەوانەیـش (دوو کیلـۆ، سـێ کیلۆ...هتد)،یاخـود لەبـری هـەرکام لـە (مـۆز، دوو هـەزار)، (سـێو، پرتەقـاڵ... یـەک هـەزار، سـێ هـەزار...)، شـیان و توانـای بـوون بـە بۆشـایی بنەڕەتییـان هەیـە. تێگەیشـتن لـەم بۆشـاییانە، بەهـۆی ئـەو نەخشـەکێشـان و بەسـتنەوە ئاوەزییانـەوە ئەبێـت، کـە لـە نێـوان هـەرکام لـە بۆشـاییەکاندا درووسـت ئەکرێـن و سـەرهەڵئەدەن. لـە هەنـگاوی یەکەمـدا، بۆشـاییە بنەڕەتییـە هەڵنەبژێرراوەکانـی تـری (٥)، بۆخۆیـان هـۆکاری زۆربـوون و بڵاوەپێکردنـی مـەودای زانینەکانمانـن. لـە هەنـگاوی دووەمـدا ئەگەینـە سـەر کاریگەرییەکانـی بۆشـایی بونیادنـەر، کـە زیاتـر مەبەسـت لێـی، چۆنێتیـی روانیـن و دونیابینیـی ئاخێـوەرە بـۆ واقیـع و ئـەوەی، کـە ئـەم پـەی پـێ بـردووە. بـۆ نموونـە سـەرەڕای بونیادنانـی بۆشـاییە بنەڕەتییـەکان بـۆ نموونـەی (٥)، ئەتوانرێـت چەندیـن بۆشـایی تریـش (کـە بنەڕەتییـش نیـن)،

بونیادبنرێـن. وەک لـە نموونەکانـی (٦)دا، ئەخرێنـەڕوو:

**٦) ا- کیلۆیەک مۆزی جوان...**

ب- مۆزی بەتام بە هەرزان.

پ- بەشی میوانێک مۆز ماوە.

ت- کیلۆیەک مۆزی زەرد بە بەلاش.

تێگەیشـتنەکان و روانیـن و دونیابینیـی ئاخێوەرانـی دەربـڕی نموونەکانـی (٦)، هەرکامیـان لـە روانگـەی زانینەکـەی خۆیانـەوە بۆشـایی تریـان، سـەرەڕای بۆشـایی بنەڕەتیـی، بـۆ نموونـەی (٥) بونیادنـاوە. هـەرکام لـە (مـۆزی جـوان، مـۆزی بەتـام، هـەرزان، بەشـی میوانێـک، مـۆزی زەرد، بـەلاش)، ئامـاژە بـە بۆشـاییە بونیادنراوەکـەی ئاخێـوەران ئـەدەن بـۆ گوزارشـکردن لـە هەمـان نموونـەی (٥)، کـە ئەمیـش بـۆ خـۆی ئامـاژە بـە چەنـد بۆشـاییەکی تـر ئـەدات. بـەم شـێوەیە لـە نـاو بۆشـاییە بونیادنراوەکاندا، ئەتوانرێـت بۆشـاییە بنەڕەتییـەکان پێشـبینیی بکرێـن، بـەڵام بەهـۆی بۆشـاییە بنەڕەتییەکانـەوە، ناتوانرێـت بـە وردیـی دەستنیشـانی بۆشـاییە بونیادنـراوە ئەگەرییـەکان بکرێـت، چونکـە ئەمـەی دووەمیـان کەوتووەتـە سـەر بـاری سـەرنج و دونیابینیـی قسـەکەر لەسـەر واقیـع. زیاتـر لەمەیـش، مـەرج نییـە، کـە خـودی وشـەکانیش بـەو واتـا و جـۆرە لێـک بدرێنـەوە و تێیـان بگەیـن، کـە لـە راسـتییدا هەبـن. بـەو واتایـەی، کـە وشـەی (جـوان) لـە (٦-ا)دا، تێگەیشـتنە دیاریکراوەکـەی تەنهـا بـۆ بۆشـایی/فەزای ئاوەزیی_ژینگەیـی خـودی ئاخێـوەری دەربـڕی ئـەو وشـەیە ئەگەڕێتـەوە. بـە هەمـان شـێوە وشـەکانی (بەتـام، هـەرزان، بەشـی میوانێـک، زەرد، بەلاش)یـش هەمـان راسـتی ئەیانگرێتـەوە، بـەوەی، کـە ناتوانیـن بـە هەمـان راسـتییەکی دیاریکـراو و ورد و روون، بـۆ هەمـوو بەشـدارانی ئاخاوتـن بیانبینیـن، بەڵکـو ئەمانـە و واتـاکان و تێگەیشـتنیان لـە پەیوەسـت بـە بۆشـایی ژینگەیـی و ئاوەزیـی ئاخێوەرەکـەوە، لێـک ئەدرێنـەوە. هەمـان راسـتی و تێگەیشـتنیش بـۆ گوێگـران سـەبارەت بـە واتـا و تێگەیشـتنیان لـە دەربـڕاوەکان، بـە بۆشـایی ژینگەیـی و ئاوەزییانـەوە پەیوەسـت ئەبێتـەوە. بـۆ نموونـە ئەشـێت واتـای (بەتـام)، بـۆ ئاخێـوەر لـە (پێگەیشـتوویی)دا بێـت، لـە کاتێکـدا واتـای هەمـان وشـە بـۆ گوێگـر لـە (پلەیەکـی زیاتـری پێگەیشـتوویی و شـلبوون)دا بێـت. کەواتـە مەبەسـت لـە بۆشـایی بونیادنـەر، دروسـتکردن و رەخسـاندنی هـەر سـیناریۆیەکە بـۆ دەربـڕاوەکان. هـەر لەبـەر ئەمەشـە بـە بۆشـایی ناونـراون، چونکـە هـەر وشـە/دەربڕاوێک، ئەتوانرێـت و شـیانی هاتنـی لە بۆشـاییەکەدا ئەبێـت، بـەڵام رەخسـاندنی سـیناریۆکان لـە پەیوەسـت بـە بۆشـایی بنەڕەتیـی و بۆشـایی بونیادنـەرەوە جیـاوازە، لەبەرئـەوەی مـەودای رەخسـاندنەکە بـۆ بۆشـایی بونیادنـەر فراوانـتر و زۆرتـرە و سـیناریۆیەکی زیاتـر ئەگـەری روودانیـان ئەبێـت. کەواتـە مەبەسـت لـە بۆشـاییەکان، رەخسـاندنی مەودایەکـە، تـا وشـە ئەگەرییـەکان و واتـا ئەگەرییـەکان (لێکدانـەوە سـیمانتیکییە ئەگەرییـەکان)، (بێگومـان ئـەم ئەگەرانـە لـە پەیوەسـت بـە خواسـت و زانینـی ئاخێـوەرەوە)، شـیانی روودانیـان هەبێـت. لێکدانـەوە سـیمانتیکیەکانی پەیوەسـت بـە بۆشـایی بنەڕەتـی و بۆشـایی بونیادنـراو، بـۆ دەربڕاوێکـی لـە چەشـنی (٧) ئەخرێتـەڕوو:


**٧) ساڵی ٢٠١٨ گەشتێکی شاخەوانیمان بۆ پیرەمەگروون کرد.**

نموونـەی (٧)، ئامـاژە بـە یـەک بۆشـایی ئاوەزیـی، یـەک مـەودا و رووبـەر ئـەکات. بـەو واتاییـەی لـە پەیوەسـت بـە بۆشـایی بنەڕەتییـەوە، لێکدانـەوە سـیمانتیکییەکە بـەم جۆرەیـە: لـە یەکێـک لـە رۆژە دیاریکراوەکانـی سـاڵێکی دیکـراودا، جوڵەیـەک لـە شـوێنێکەوە، (کـە بـە شـێوەیەکی ئاسـایی لـە نزمییـەوە بـۆ بەرزییـە) بـۆ شـوێنێکی تـر کـراوە. هـەر لـە پەیوەسـت بـە بۆشـایی بنەڕەتییـەوە، مەودایەک/رووبەرێـک لەبەردەسـتدایە بـۆ ئاخاوتـن لەبارەیـەوە، بـەڵام هـەر لەسـەرەتاوە ئاخێـوەر

کامـە بـەش لـەو رووبـەرە هەڵئەبژێرێـت بـۆ ئاخاوتـن؟ دەسـتپێک و نـاوەڕۆک و کۆتایـی ئاخاوتنەکـەی، لـە کام بەشـی مەودا/رووبەرەکەوەیـە؛ تـا کام بەشـی مەودا/رووبەرەکـە؟ بـۆ نموونـە ئاخێـوەر هەڵبژاردنـی ئـەوەی، کـە سـەعات (٧)ی بەیانـی رۆژی (پێنجشـەممە) ٢٠١٨/٦/١٤، لـە ماڵـی خۆمانـەوە بـەرێ کەوتیـن بـەرەو... پاشـان پشـوودان و نـان خـواردن و ... سـەعات یەکـی پاشـنیوەڕۆ بـە شـاخی پیرەمەگروونـدا هەڵزناین...هتـد، کـە ئەمەیـان ئەبـوو بـە هەڵبژاردنـی بەشـێکی تـر لـە مەودایەکـی دیاریکـراو. بـەو واتایـەی، کـە ئاخێـوەر لـە بـری هەڵبژاردنـی بەشـێکی مەودایـەک، بەشـێکی تـری مەوداکـەی هەڵبـژاردووە و کردوویەتـی بـە بابەتـی گفتوگۆکـەی. کەواتـە لـە بۆشـاییەکی ئاوەزیـدا، کـە ئـەو بۆشـاییە شـیانی روودان و هەڵبـژاردن ئەڕەخسـێنێت، ئاخێـوەر رووبەرێکـی دیاریکـراوی بـۆ بونیادنانـی واتـا هەڵبـژاردووە. هەمـوو ئەمانـە مەوداکانـی گوزارشـت و دەربڕیـن لـە بۆشـایی بنەڕەتـی بـۆ ئاخاوتـن ئەنوێنـن.

”بۆشـایی بنەڕەتـی، کـە بـە بۆشـایی واقیعییـش ئەناسرێـت، زانیاریـی هاوبەشـی قسـەکەران لـە جیهانـی راسـتیدا ئەخاتـەڕوو“. (Croft, W. and Cruse, W., ٢٠٠٤: ٣٣). هـەر بۆیـە ئەگـەر هاتـو ئاخێـوەر هـەر کام لـەو بەشـانەی بۆشـایی بنەڕەتـی بـۆ ئاخاوتنەکانـی هەڵبژێرێـت، هیـچ گرفتێـک بـۆ گوێگرانیـش لـە لێکدانـە واتاییەکانیانـدا دروسـت نابێـت، لەبەرئـەوەی هـەرکام لـە بەشـەکانی بۆشـایی بنەڕەتـی، بابەتێکـی هاوبـەش و زانیاریـدارە بـۆ ئاخێـوەران. هەرچەنـدە لـە نموونـەی (٧) دا، ئەنجامـی کۆتایـی رووداوەکـە گەیەنـدراوە، (یاخـود لەنـاو بۆشـاییەکی فراوانـی گوزارشـتکردندا، مەودایەکـی دیاریکـراو و مەبەسـتداری ئاخێـوەر هەڵبژێـرراوە)، بـەڵام بوونـی زانیاریـی هاوبـەش و شـارەزایی زمانیـی و نازمانیـی دەربـارەی هـۆکار و چۆنێتیـی و رووداوە پێشـینەکانی نموونـەی (٧)، لێکدانـەوە واتاییـەکان رێـڕەوی دروسـتی خۆیـان ئەگـرن. لـە کاتێکـدا رەفتـار و مامەڵـەی ئاخێـوەر لەگـەڵ تـەواوی بۆشـاییەکە بـە سـەرجەمی مەوداکانیـەوە، ئاوێتەکردنـی بۆشـایی خواسـتراوی ئاخێـوەرە بـە بۆشـایی بنەڕەتیـی. بـەو واتایـەی کـە بۆشـایی بونیادنـراو، فـەزا و روانینێکـی جیـاواز لـە بۆشـایی بنەڕەتیـی ئەنوێنێـت، بـەڵام پەیوەنـدی پێـوەی هەیـە. بـە گشـتی لـە بۆشـایی بونیادنـراودا، ئاخێـوەران سـیناریۆی جیـاواز بـۆ بارودۆخـی ئاخاوتـن و خـودی بابەتـی قسەلەسـەرکراویش ئەسـازێنن. بـۆ نموونـە ئەگـەر ئاخێـوەر (هەڵزنـان بـە شـاخدا)، وەک جوڵەیەکـی بەچێـژ پێناسـەبکات، ئـەوا نیشـاندانی دۆخێکـە، کـە تەنهـا بـۆ ئـەو بۆشـاییە ئەگونجێـت و راسـت دەرئەچێـت. ئەشـێت هەمـان کـردە (هەڵزنـان بـە شـاخدا)، ئەگـەر دوو گوێگـر، کـە ئەزموونـی ئاوارەیـی، یـان پێشـمەرگایەتیی سـەختیان هەبێـت، (هەڵزنـان بـە شـاخدا)، بـە جووڵـە و چالاکییەکـی بەچێـژ نەبینـن، نـەک هـەر ئەوەنـدە، بگـرە تـەواو بـە پێچەوانەشـەوە پێناسـەیبکەن. بـە واتایەکـی تـر، لێکدانـەوە واتاییـەکان بـۆ بۆشـایی بونیادنـەر، ئەشـێت لـە واقیعـدا راسـت یـان هەڵـە بکەونـەوە، کـە راسـتیی و هەڵەییشـیان ئەکەوێتـە سـەر مەبەسـتە واتاییەکانـی بەشـدارانی ئاخاوتـن، بـەڵام هیچیـش لـەوە نەگـۆڕاوە، کـە بۆشـایی بونیادنـراو، بەشـێکە لـە بۆشـایی بنەڕەتیـی و پەیوەندییـدارە پێـوەی.

بۆشـایی بونیادنـراو بـۆ نموونـەی (٧)، کاتێـک وەک کردەیەکـی بەچێـژ بیناسـێنێت، ئامـاژە و گوزارشـت لـەو ویسـت و خواسـت و ئـارەزووەی ئاخێـوەر ئـەکات و بـۆ ئـەو سـەرچاوەیە ئەگەڕێتـەوە، کـە لـە راسـتیدا ئـەم بۆشـاییە تەنهـا بـۆ بۆشـایی بنەڕەتـی ئەگەڕێتـەوە، نـەوەک بەشـێک بێـت لێـی. گریـمان ئەگـەر بەشـێکیش بێـت لـە بۆشـایی بنەڕەتیـی، ئـەوا تەنهـا لـە ئایدیـا و فـەزا و روانینـی ئاخێوەرەکەیـدا، وەک بەشـێک لێـی ئەمێنێتـەوە. پوختـەی بیـرەکان دەربـارەی بۆشـایی بنەڕەتیـی و بۆشـایی بونیادنـەر لـە تیـۆری بۆشـاییە ئاوەزییەکانـدا و لـە پەیوەسـت بـە لێکدانـەوە واتاییەکانـی دەربـڕاوەکان لـە هێڵکاریـی (٢)دا ئەخرێتەڕوو:




هێڵکاریی (٢)

سرووشتی بۆشایی بنەڕەتیی و بونیادنەر لە بۆشایی ئاوەزییدا

هێڵە پچڕاوەکان ئاماژە بە بۆشاییە بونیادنراوەکان ئەدەن، کە لە ناو بۆشایی ئاوەزیدا پەیوەندییان بە بۆشایی بنەڕەتییەوە هەیە و بۆی ئەگەڕێنەوە. هاوتا بەوەیش، بۆ خۆیان بۆشایی نوێ و بونیادنراو ئەنوێنن، کە ئەشێت لە تەواوی بارودۆخەکەدا راست یان هەڵە بن، بەڵام لە پەیوەست بە سەرچاوەی دەربڕاوەکەوە (ئاخێوەر) و لە فەزای ئاوەزیی ئەودا، راستن. لێکدانەوە سیمانتیکییەکانی بۆشایی بنەڕەتیی و بۆشایی بونیادنراو لە نموونەی (٨)دا، زیاتر ئەخرێتەڕوو:

## ٨) کە خانووەکەیان درووست کرد، کەپرێکی جوانیشیان بۆ کردووە.

زانیاریی هاوبەش (بۆشایی بنەڕەتیی) بۆ هەرکام لە ئاخێوەر و گوێگری نموونەی (٨)، لە زانینیان دەربارەی رووداوێک(دروستکردنی خانوو، شوێنێکی تایبەت بە کەپر لە خانووەکەدا)، ئەبینرێتەوە، بەو واتایەی، کە هەرکامیان ئاگاییان هەیە سەبارەت بەوەی، کە کام بەشی خانوو کەپری تێدا دروست ئەکرێت! بەڵام هەڵبژاردنی تەنها بەشێک لە خانووەکە (کەپر) و بونیادنانی بۆشاییەکی تایبەت بە پەسندکردنی کوالێتیی (کەپر) لە خانووەکەدا بە (جوان)، ئەوەستێتە سەر لێکدانەوەی سیمانتیکیی (تەنها ئاخێوەر) بۆ بۆشایی بنەڕەتیی. بەو واتایەی، کە ئاخێوەر لە ناو چەندین بۆشاییدا، یەکێک لە مەودا/بۆشاییەکانی هەڵبژاردووە و زەقیکردووەتەوە، کە ئەمیش ئەوەستێتە سەر لێکدانەوەی سیمانتیکیی ئاخێوەر، کە کام بەشە لە خانووەکە ئەگەری بەشدارییپێکردنی بۆ ئەرەخسێنێت. بەو شێوەیە بۆشایی بونیادنەر مامەڵە لەگەڵ مەبەستە ئەگەرییەکاندا ئەکات. بەو واتایەی وشە ئەگەرییەکان هەڵبژاردنەکانی بەردەم ئاخێوەرن، کە هەرکامیان شیان و ئەگەری روودانیان هەیە. بۆ نموونە ئاخێوەر ئەگەری دەربڕینی نموونەکانی (٩)ی لە بری (٨) هەبوو:

## ٩) ا- خانوەکەیان پارکێکی بچکۆلەی تێدایە.

ب- لە گەراجەکەوە ئەتوانی بچیتە قاتی سەرەوە.

پ- دیارە پارەی زۆری تێچووە.

ت- دوو ساڵە خەریکی ئەم خانوەن.

ج- ...هتد.


سەرجەمی دەربڕاوەکانی (٩)، هیچ لەو راستییە ناگۆڕن، کە گوزارشتن لە بۆشاییەکی بنەڕەتیی، بەڵام ئاماژە بە سەرنج و خواست و ئارەزووەکانی ئاخێوەر ئەکەن، کە لەو پێناوەیشدا چەندین بۆشایی بونیادناوە. کەواتە بۆشایی بونیادنەر مەودایەک ئەڕەخسێنێت، تا دەربڕاوە ئەگەرییەکان (بە خواست و زانینی من)، شیانی روودانیان لە مەرجی راستەقینەدا هەبێت، کە بە رێژەیەکی زۆر هەرکام لە تیۆری مەرجی راستیی سیمانتیکی(Truth Conditional Semantics)، (بڕوانە: حەمەغەریب، بەهرە سەلام، ٢٠١٥)، و بۆشایی بنەڕەتیی (Base Space)، لە لێکدانەوە سیمانتیکییەکاندا هاوشێوەن. کە ئەتوانرێت لێکدانەوە سیمانتیکییەکانی بۆشایی بنەڕەتیی بە (واتای نموونەییPrototype Meaning)، کە لە ئەزمون و راستییەوە هاتووە و جێگیرە، دابنرێت. وەک واتای نموونەیی ئەوەی، کە هەرکام لە نموونەکانی (٨) و (٩)، باسکردنن دەربارەی خانویەک. بەڵام لێکدانەوە سیمانتیکییەکانی بۆشایی بونیادنەر بە واتای وێنایی (Idealized Meaning)، دابنرێت، کە واتایەکە لە چالاکییە درکپێکراوەکانەوە دێت و لە ئاوەزدا شێوەی پێ ئەدرێت، (پێشتریش ئەوە خرایەڕوو، کە تیۆری بۆشایی ئاوەزیی، لە پێناو بەمۆدێلکردنی کۆزانیاریدایە). بەم شێوەیە:

- خودی بابەت/رووداو/دیاردەکە... واتای نموونەیی ئەنوێنێت،

- خواستن لە بابەت/رووداو/دیاردەکە... واتای وێنایی ئەنوێنێت.

سەرەڕای ئەمەیش بۆشایی ئاوەزیی لەوەدا لە لێکدانەوە سیمانتیکییەکانی پێش خۆی جیا ئەبێتەوە، کە هاوشێوەکردنی سەرجەمی دەربڕاوەکان بە جیهانی واقیعیی، بە ناڕاست دائەنێت. واتە ئاخێوەر لە بری نموونەی (٨)یش، ئەیتوانی بۆشاییەکی تر بکات بە سەرەتا و دەستپێکی ئاخاوتنەکانی. "واقیع و جیهان بابەتییانە و وەک خۆی و راستەقینە لە زماندا رەنگ نادەنەوە، بەڵکو دەربڕینی زمانی، رەنگدانەوەی تێگەیشتنی مرۆڤە بۆ واقیع و بەو پێیەش، کە توانستی زمانی مرۆڤ بەشێکی جیانەکراوەی کۆزانینە، ئەمە لە زمان و کردەکانیدا بەجەستە دەبێت". (نەبی، رێبوار ئەحمەد، ٢٠١٥: ٧٥). هەربۆیە نموونەکانی (٨، ٩)یش، بۆ خۆیان ئەبن بە نوێنەری ستراتیژە درکپێکراوەکانی ئاخێوەرانی ئەو نموونانە.

بۆشاییە ئاوەزییەکان دەرفەتی روودان و هاتن و لەخۆگرتنی هەرکام لە واتا نموونەییەکان و واتا وێناییەکان ئەڕەخسێنێت. بۆ روونکردنەوەی زیاتری لێکدانەوە سیمانتیکییەکانی هەرکام لە بۆشایی بنەڕەتیی و بۆشایی بونیادنراو، کە لە واتای نموونەیی و واتای وێناییدا ئەنوێنرێت، با سەرنج لە هێڵکاریی (٣) و لێکدانەوە و دەربڕاوەکانی هەمان هێڵکاریی لە نموونەکانی (١٠)دا بدەین:




هێڵکاریی (٣)

ڕوودانی بۆشاییە بنەڕەتیی و بونیادنراوەکان

ڕووداوەکـە لـە بۆشـاییەکی فیزیکـدا ڕوویـداوە، ئەمەیـش ئەبێتـە یەکـەم هەنـگاو و دەسـتپێک بـۆ گوزارشـت، کـە مەودایـەک بـۆ بۆشـایی بنەڕەتـی ئەسـازێنێت، لـە پاشـاندا سـەرجەمی ئـەو نموونـە و دەربڕاوانـەی، کـە لـە (١٠) دا ئاماژەیـان پێـدراوە، دەرچـووی بۆشـاییە بونیادنراوەکانـی ئاخێـوەرە جیاوازەکانـن، کـە لەسـەر بنەمـای بۆشـایی بنەڕەتیـی بونیادیاننـاوە. بونیادنانەکەیشـیان لەخـۆوە و هەڕەمەکیـی نەبـووە، بەڵکـو بـە پاڵێوەر/فلتەرەکانـی (لێکدانـەوە، سـەرنجدان، زیرەکیـی، گرنگیـی، گۆشـەنیگای بینیـن شـانۆی ڕێککاریـی)دا ئـەڕۆن و پاشـان لە بۆشـاییەکی درکپێکردنـەوە، نموونـە جیاوازەکانـی (١٠) هەڵئەهێنجرێـن. بـەم شـێوەیە هـەر دەربڕاوێـک بـە فلتـەری توانسـتی درکپێکردنـی ئاخێوەرەکەیـدا تێئەپەڕێـت، کـە لـە بۆشـایی ئاوەزیـدا ڕێکخـراوە. بـەو واتایـەی، کـە دەربڕاوەکانیـان ڕەنگدانـەوەی ئەزمونـە تاقیکراوەکانـی ئاخێوەرانـە لـە خـودی ئـەو دەوروبـەرەی، کـە تێیدایەتـی. لێکدانـەوە سـیمانتیکییەکانی بۆشـایی ئاوەزیـی بـەو جۆرەیـە، کـە: ئەشـێت ئـەو ئەزمونـە بەرامبـەر ئـەو واقیعـە، ڕاسـت یـان هەڵـە بێـت، بـەڵام بـەلای ئاخێـوەرەوە، ڕاستە.

## ٣) هاوبەشییەکانی تەکنۆلۆژیی و زمان و لە ڕوانگەی بۆشاییە ئاوەزییەکانەوە

پێشـکەوتنە بەرچـاو و خێراکانـی تەکنۆلۆژیـا و زانسـتی سـەردەم، وا ئەخوازێـت، کـە سروشـتی لێکۆڵینـەوەی نێـوان زانسـتی (Interdisciplinary) لـە بەدواداچـوون و کۆکردنـەوەی زانیـاری و توێژینەوەکانـدا، جێبەجێبکرێـت. باشـترین بوارێکـیش بـۆ ڕەنگدانـەوەی ئـەم سروشـتەی کارکـردن، زانسـتی درکپێکـردن (Cognitive Science)ە. ئەوەیشـی پەیوەسـتبێت بـە زمانـەوە، زانسـتی زمانـی درکپێکـردن (Cognitive Linguistics) ئـەو مەودایـەی ڕەخسـاندووە. "ئـەوەی ئەیزانیـن لـە ئێسـتادا ئەوەیـە، کـە ناتوانرێـت سـەرجەمی توانـا ئەبسـتراکتەکانی مـرۆڤ فۆرمەلـە بکرێـن، بەڵکـو پێویسـتیان بـە مۆدێلێکـە، کـە لەسـەر بایۆلۆژیـا و ڕەفتـاری مـرۆڤ بونیادنرابێـت". (O'Reilly, Cliff., ٢٠١٤: ٣). لـە ڕاسـتیدا و لـە دروسـتکردن و سـازاندنی پەیوەندییەکانـی نێـوان مـرۆڤ و کۆمپیوتـەر (تەکنۆلۆژیـا بـە گشـتی)دا، زمـان دارشـتەیەکی یەکەمیـن و هـۆکاری سـەرەکییە. ڕوودانـی پەیوەندییەکانیـش لـە چەنـد ڕێگەیەکـەوە ئەبێـت: تێگەیشـتنەکانی ئامێـر و کیبـۆرد لـە زمانـی هێـما و کـۆدەکان، ناسـینەوەی دەنـگ، تۆمارکردنـی نووسـین، پێواژۆکانـی زمانـە سروشـتییەکان، دەستنیشـانکردن و چارەسـەرکردنی گرفتـە

زمانییـەکان لـە زمانەوانیـی دەماریـی Neurolinguistics و زمانەوانیـی دەروونـی Psycholinguisticsدا، ڕۆڵـی تەکنۆلۆژیـا و ئاسـانکارییەکانی لـە فێربوونـی زمانـدا، دیزایـن و ڕێککارییـە سـەردەمییەکان و دارشـتەی زمانـی بانگەشـە و هێـما و لۆگـۆی ریکلامـەکان.... پێویسـتیان بـە تێگەیشـتن لـە چۆنێتیـی کارکـردن و پەیوەنـدی و لێکدانـەوە زمانییـەکان هەیـە. زمانـی بەرنامەسـازەکان (Programming Language)، کـە ئەمیـش کۆمەڵێـک ئامـرازی زمانیـن و گەشـەپێدەرانی کۆمپیوتـەر بـۆ ڕێنماییکـردن بەکاریئەهێنـن، زۆر ورد و بـێ دوودڵیـن، تاوەکـو ڕێگـە بـە مـرۆڤ بـدات ڕێنمایـی و داهێنـان و نوێگەرییـەکان بـە کۆمپیوتـەر بگەیەنێـت.

ئـەو لێکدانەوەیەشـی، کـە تیـۆری بۆشـاییە ئاوەزییـەکان بـۆ زمـان و سـیمانتیکی دەربـڕاوەکان ئەیخاتـەڕوو، خـۆی لـە کۆکردنـەوە و ڕەخسـاندنی زۆرتریـن مـەودادا ئەبینێتـەوە بـۆ دەربـڕاوەکان، ئەمـەش لەپێنـاو بەمۆدێلکردنـی کۆزانیاریـی ئاخێوەرانـە. بـەو واتایـەی، کـە کۆکردنـەوەی زۆرتریـن بۆشـایی ئـاوەزی، ئەتوانێـت نزیکتریـن و زۆرتریـن راسـتی بـۆ دەربـڕاوەکان بونیادبنێـت و کۆبکاتـەوە. هـەر لـە تیـۆری بۆشـایی ئاوەزیـدا ئـەوە ئەخرێتـەڕوو، کـە دەربـڕاوەکان تەنهـا بـە پاڵێـوەر و بۆشـاییە تایبەتییەکانـی زمانـدا نـاڕۆن، بەڵکـو بـە زۆرتریـن، تەنانـەت تـەواوی پاڵێوەرەکانـی ئاخێـوەردا تێپەڕیـون و ئەپشـکێنرێن و پاشـان دەرئەبڕرێـن.

لـە تەکنۆلۆژیـا و داهێنانەکانیـدا، بـەردەوام ئەلگۆریتمـەکان ڕۆڵـی پێکەوەبەسـتن و ناسـینەوەکان ئەگێـڕن. ئەلگۆریتـم چەنـد فەرمانێکـی پەیوەندیـدارە، کـە پێکـەوە پێداویسـتی و پرسـیارەکان جێبەجێئەکـەن. بۆشـایی ئـاوەزی و ئەلگۆریتـم لـەوەدا هاوشـێوەن، کـە هەرکامیـان بـۆ بەرهەمهێنـان بـە چەنـد بوارێکـی تـروە پەیوەسـتن. بـەو واتایـەی سـەرجەمی دەربڕاوەکانـی (١٠)، هەرکامیـان گوزارشـت لـە ئاسـتی ڕوانیـن و پەیپێبردن و زانیـن و مەبەسـت و سـەرنجی جیـاوازی ئاخێوەرانیـان ئەکـەن. بـەم شـێوەیە نموونـەکان بـۆ ئـەم سـەرچاوانە ئەگەڕێنـەوە. لـە هـەر داهێنـان و کردەیەکـی تەکنۆلۆژییشـدا، چەنـد لایەنێـک پێکـەوە کارئەکـەن، تاوەکـو زۆرتریـن و باشـترین وەڵام و چارەسـەر بـۆ بەکارهێنەرەکـە بڕەخسـێنن. هـەروەک چـۆن ئەگـەر پرسـیارێکی لـە چەشـنی (١١) لـە کەسـێک بکرێـت:

## ١١) ئەو کوڕە کێیە؟

ئەتوانرێـت لـە چەندیـن بۆشـایی ئاوەزییـەوە، وەڵامـی ئـەو پرسـیارە بدرێتـەوە و سـەرجەمی وڵامەکانیـش بـە جۆرێـک پەیوەسـتبن بـە پڕکردنـەوەی بۆشـاییەکی نەزانـراو بـۆ ئاخێـوەری (١١). بـۆ نموونـە ئەشـێت وەڵامەکانـی (١٢)، هەرکامیـان لـە بۆشـاییەکی ئاوەزیـی تایبەتـەوە بونیادنرابـن و لـە هەمـان کاتـدا وەڵامیشـبن بـۆ پرسـیاری (١١):

**١٢) ا- ئامۆزامە.**

ب- کوڕی ماممە.


پ- زۆر لێرە نامێنێتەوە.

ت- بەدڵتە؟

ج- .... هتد

بـەو واتایـەی، کـە لـە چەندیـن بۆشـایی ئاوەزییـەوە ئەتوانرێـت وەڵامـی پرسـیارێکی دیاریکـراوی وەکـو (١١)، بدرێتـەوە هەمـوو وەڵامەکانیـش پێکـەوە بـۆ نزیکبوونـەوەن لـە زۆرتریـن راسـتی و بونیادنانـی وەڵامێکـی پێویسـت بـۆ (١١). هاوشـێوەی ئـەم کارکردنـە لـە تەکنۆلۆژیـادا لـە سـایتێکی گۆگڵـدا بـە ڕوونـی و ئاشـکرایی دیـارە. بـۆ نموونـە ئەگەرهاتـوو هـەر پرسـیارێک لـە گەڕانـی گۆگڵـدا بکرێـت، ئـەوا سـایتەکە چەندیـن بۆشـایی ئەپشـکنێت، تاوەکـو وەڵامێکـی دروسـت یـان

نزیکترین وەڵام بۆ داواکراوەکە بهێنێتەوە. هەرکام لە وەڵامەکان لە گۆشەنیگایەکەوەن، نزیکترین وەڵام ئەوەیانە، کە لە یەکەم هەڵبژاردندا ئەخرێتەبەردەم بەکارهێنەر. ئەمەش لەسەر بنەمای زۆرترین لەیەکچوون لە نێوان وشەکانی ناو پرسیار و داواکراوەکە، لەگەڵ هەمان ئەو وشانەدا، کە گۆگڵ ئەتوانێت بیاناسێتەوە. سەرجەمی پێدراوەکانی گۆگڵیش پێکەوە ئەتوانن زۆرترین وەڵام بۆ پرسیار و داواکارییەکە بسازێنن. بۆ بەکارەکیکردنی ئەم هاوشێوەییەی نێوان شێوازی کارکردن و لێکدانەوەکانی تیۆری بۆشاییە ئاوەزییەکان و کردەیەکی تەکنۆلۆژیی وەک (گەڕان لە گۆگڵ)دا، با لە وێنەی (١) بڕوانین:




وێنەی (١)

گەڕانی گۆگڵ و پشکنینی بۆشاییەکان

وەک لە وێنەکەدا دیارە، پرسیاری (داتا بەیس چییە؟)، بە گۆگڵ دراوە. ئەشێت وەڵامی ئەم پرسیارە لە چەندین ڕووەوە بدرێتەوە. هاوشێوەی ئەو چەندین وەڵامەی، کە بۆ نموونەی (١١) درانەوە. ئەو ژمارەیەی، کە خراوەتە ناو لاکێشە سوورەکەوە، ئاماژە بە ژمارەی ئەو وەڵامانە ئەدات، کە گۆگڵ ئەتوانێت بۆ پرسیارێکی لە چەشنی (داتابەیس چییە؟)، بیانداتەوە. بەو واتایەی، کە گۆگڵ بە هۆی ئەلگۆریتمەکانەوە ئەتوانێت (سێ ملیار و سێسەد و دە ملیۆن)، وەڵام لە ماوەی (سفر و پۆینت پەنجا و هەشت چرکە)دا، بۆ پرسیارەکە بدۆزێتەوە. کەواتە (سێ ملیار و سێسەد و دە ملیۆن) بۆشایی بۆ دەستکەوتنی وەڵامی نزیک و زۆرترین وەڵام بۆ پرسیاری (داتا بەیس چیە؟)، ئەپشکێنرێت. زۆرترین نزیکی لە نێوان وشەکانی پرسیارەکە/پێدراوەکە و ئەنجامی گەڕانەکانی گۆگڵ، لە یەکەم بەستەر/لینکدا دائەنرێت. بەو واتایەی، کە یەکەم بەستەر و گەورەترین بۆشایی بنەڕەتی بۆ پرسیارەکە/پێدراوەکە، بونیادئەنێت. تەواوی بەستەرەکانی تر، ئەبن بە بۆشاییە بونیادنراوەکانی تری گۆگڵ بۆ ئەو پرسیار/پێدراوەی، کە داوایلێکراوە.

یەکێک لە دیارترین بوارە پەیوەندیدارە ئێستاییەکانی نێوان زمان و تەکنۆلۆژیا، بە پیواژۆ/پرۆسەکانی زمانە سروشتییەکان(Natural Language Processing) و کورتکراوەکەی ئەبێت بە (NLP)، ناوئەبرێت، کە تیشکئەخاتەسەر کارلێکی نێوان مرۆڤ و کۆمپیوتەر و بوارێکی پەیوەندیدارە بە زیرەکیی دەستکردەوە و بۆ ئەمەیش زمانە سروشتییەکان بەکارئەهێنێت. لەم پیواژۆیەدا هەوڵئەدرێت ئەوە بخرێتەڕوو، کە چۆن کۆمپیوتەر و ئامێر و تەکنۆلۆژیاکان بەجۆرێک بەرنامەڕێژئەکرێن، کە ڕەفتاری زمانیی هاوشێوەی مرۆڤ ئەنجامبدەن. ئەو ڕەفتارانەش خۆیان لە چەند کردەیەکی وەک: ١- چاتبۆت، کە ئەمانیش بەرنامەی کۆمپیوتەرین و بەرکەوتنە زمانییەکانی بەکارهێنەران لەگەڵ تەکنۆلۆژیادا ئەڕخسێنن، لە نموونەی چات جی پی تی Chat GPT. ٢- وەرگێڕانی زمانی، ٣- شیکاری سۆز و لێکدانەوە دەقییەکان و ...هتددا، ئەبیننەوە. وەک نموونەی کارەکی

لە نواندنی هاوبەشییەکانی تەکنۆلۆژیا و زماندا، هەرکام لە وەرگێڕانی گۆگڵ (Google Translate) و چات جی پی تی، لە روانگەی بونیادنانی بۆشاییەکانیانەوە بۆ پێشکەشکردنی باشترین وەڵام و داخوازی بۆ بەکارهێنەران بە نموونە ئەهێنرێنەوە. تەکنۆلۆژیای زمان رۆڵێکی گرنگ لە شکاندنی بەربەستە زمانییەکاندا ئەگێڕێت. ئەشێت وەرگێڕانی گۆگڵ باشترین نموونەی شکاندنی بەربەستی نێوان زمانەکان بێت. لە وەرگێڕانی ئامێریدا، ئەلگۆریتمەکان بۆ گواستنەوەی ئۆتۆماتیکیی دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بەکارئەهێنرێن. ئەلگۆریتمەکان بە هۆی ناسینەوەی کۆدەکانەوە داڕێژراون. وشەنامە (Dictionary) یە ئەلیکترۆنییەکانی لە چەشنی ئەپ و بەرنامە و سۆفتویرەکانی تایبەت بە مۆبایل و کۆمپیوتەر، ئاستە سەرەتاییەکانی ئەم بەئامێرکردنەی توانای وەرگێران و نەهێشتنی بەربەستە زمانییەکانن و پاشان ئاستە باڵاکەی لە ئێستادا، لە وەرگێڕانی گۆگڵدا ئەبینرێتەوە.

کارکردنی ئەمانیش بەوجۆرەیە، کە کاتێک بەکارهێنەر کۆدێکی وەک (موو)، بە وەرگێڕانی گۆگڵ ئەدات، ئەویش بە هۆی بەستنەوەی ئەو کۆدە بە کۆدێکی دیاریکراوی ئینگلیزییەوە وەڵامەکەی ئەبێت بە (Fur)، هەر بەو شێوەیەش کاتێک کۆدی (قژ)ی کوردی ئەدەیتێ، ئەلگۆریتمەکە بە (Hair)ی ئەبەستێتەوە. بۆ تەواوی کۆدە تاکەکانی تریش، پێواژۆکە بە هەمانشێوەیە، بەڵام کاتێک لە روانگەی بۆشایی ئاوەزییەوە، دەربڕاوێکی وەک (١٣):

### ١٣)- ئەم ماستە موویەکی تێدایە.

کە دەربڕاوێکی بونیادنراوی ئەزموون و ئاوەزی مرۆڤی کوردە، ئەدرێت بە ئامێرەکە، ئەو کات ئەلگۆریتمەکە لە نێوان (موو) و (قژ)دا، (قژ) هەڵئەبژێرێت و ئەیبەستێتەوە بە (موو)ی ناو (ئەم ماستە موویەکی تێدایە). بەم شێوەیەش دەربڕاوەکە بەشێوەی (١٤) وەرئەگێڕێت:

### ١٤)- This Yogurt Contains Hair.

کە واتای (١٤)یش لە کوردیدا ئەبێت بە: (ئەم ماستە قژێکی تێدایە). هۆکاری ئەو گۆڕانکارییەش بۆ ئاوەزی بونیادنەری دەربڕاوەکە ئەگەڕێتەوە، کە لەنێوان بۆشایی ئاوەزی کوردی و ئینگلیزیدا روودەدات. لەبەرئەوەی هەمان چەمک، لە ئاوەز و بیرکردنەوەی کوردیدایە، لە کاتێکدا هەمان چەمک لە زمان و بۆشایی ئاوەزی ئینگلیزیدا، بە دەربڕاوێکی وەک (١٥) دەرئەبڕێت:

### ١٥)- Something Smells Fishy.

هۆکاری ئەمەیش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە، کە بۆشاییە ئاوەزییەکان تەنها و تەنها پەیوەست و تایبەت نین بە زمان و وردەکارییە زمانییەکانەوە، بگرە بە چەندین بواری ترەوە پەیوەستن و ئەوان ئەبنە بونیادنەر و داڕێژەری دەربڕاوە زمانییەکان. لەو روانگەیەشەوە ئەتوانرێت بۆشاییە ئاوەزییەکان وەک چارەسەرێکی گرفتە زمانییەکان و جیاوازییە زمانییەکان و لێکدانەوە و فەلسەفەی پشت دەربڕاو و داڕشتە زمانییەکانی هەر زمانێک بەکاربهێنرێت. هەمان ئەو جیاوازی و گۆڕانکارییەیش جارێکی تر هەریەک لە بۆشایی (بنەڕەتی و بونیادنەر)مان بۆ ئەسەلمێننەوە. لە وەرگێڕانی ئامێریدا، کاتێک دەربڕاوێکی ئاسایی لە نموونەی (١٦)، ئەدرێت بە ئامێرەکە:

### ١٦)- لە قوتابخانە دواکەوت.

ئەوا ئەتوانێت هەمان بۆشایی بنەڕەتی بە زمانی خواستراو بونیادبنێتەوە و نموونەیەکی وەک (١٧)مان بداتەوە:

١٧)- He was late for School.

بـەڵام ئـەو دەربڕاوانـەی، کـە بـۆ تێگەیشـتنیان پێویسـتیان بـە لێکدانـەوە و ئاگایـی دەربـارەی هـەرکام لـە بۆشـایی بنەڕەتـی و بۆشـایی بونیادنەریـش هەیـە، ئـەوا ئامێرەکـە تەنهـا ئەتوانێـت بۆشـاییە بنەڕەتییەکـە بـە زمانـی دووەم بداتـەوە، نـەک بۆشـایی بنەڕەتـی و بۆشـایی بونیادنـەر و ئـەو هێـڵ و پەیوەسـتییە دەروونیـی و کلتوریـی و ئاوەزیانەیشـی، کـە لەنێـوان دوو بۆشـاییەکەدا هـەن و دروسـتئەبن. هـەر بۆیـە (١٤)، تەنها بۆشـایی بنەڕەتییـە و ئەلگۆریتمەکـە ئەتوانێـت بیانناسـێتەوە، کـە ئەمەیـان بـۆ مرۆڤێکـی کـورد زمـان، گرفتێکـی زۆری نابێـت و ئەتوانێـت بیبەسـتێتەوە بـە (ئـەم ماسـتە موویەکـی تێدایـە)، بـەڵام بـۆ مرۆڤێکـی ئینگلیـز زمـان، هیـچ کات ناتوانێـت تێگەیشـتن بەرهەمبهێنێـت و بیبەسـتێتەوە بـە (١٥)ەوە. تەنهـا لـە دۆخـی زانیـن و شـارەزایی لـە زمـان و کلتـوری هـەردوو کوردیـی و ئینگلیزیـی دا، ئەتوانێـت تێـی بـگات و بەسـتنەوەکە درووسـت بـکات.

لـە روانگـەی ئـەو نموونـە و شـیکردنەوانەی سـەرەوە، ئەتوانرێـت ئـەوە بوترێـت، کـە بۆشـایی بنەڕەتـی، بۆشـاییەکی بابەتییـە و پەیوەسـتە بـەو زمانـە ورد و بـێ دوودڵییـەوە، کـە کۆمپیوتـەر کاریلەسـەرئەکات؛ بـەڵام بۆشـایی بونیادنـەر، بۆشـاییەکی ئـاوەزی_خودییـە و پەیوەسـتە بـە خـودی بەکارهێنەرەکـەوە. پەیوەندیـی نێـوان ئـەو دوو بۆشـاییەش، دەربـڕاوە زمانییەکانـی تەکنۆلۆژیـا درووسـتی ئەکـەن. بـە کۆکردنـەوەی زۆرتریـن بۆشـاییش، ئەتوانێـت نزیکتریـن بۆشـاییت لـە راسـتییەوە بـۆ بونیـاد بنێـت.

یەکێکـی تـر لـەو رێگایانـەی کـە وەک هاوبەشـییەک لـە نێـوان تەکنۆلۆژیـا و زمانـدا دەرئەکەوێـت، بوارێکـی پەیوەسـتە بـە زیرەکیـی دەسـتکردەوە. ئەویـش یەکێکـە لـە نوێتریـن داهێنانـە زمانی_تەکنۆلۆژییـەکان و بـە چـات جـی پـی تـی ئەناسرێـت، کـە بـە هۆیـەوە هەوڵئەدرێـت لاسـایی زیرەکییەکانـی مـرۆڤ (بێگومـان لـە روانگـەی زمانـەوە) بکرێتـەوە و لـە ئامێـردا تۆماربکرێـت. بـۆ ئەمـەش پێـواژۆ زمانییەکـە لـە نێـوان مـرۆڤ و ئامێـردا روودەدات. بـەوەی مـرۆڤ پرسـیار و داخـوازی لـە ئامێـر ئەبێـت و ئەویـش وەڵام ئەداتـەوە. ئەمەیـش بـە (بەئامێرکردنـی لێهاتوویی زمانیـی مـرۆڤ) ناوئەبرێـت. وێنـەی (٢)ی خـوارەوە، نموونەیەکـە لـە بەکارهێنانـی چـات جـی پـی تـی و چۆنییەتیـی وەڵامدانەوەکانـی لـە روانگـەی ئـەو بۆشـاییەوەیە، کـە چاتەکـە بـۆ داواکاری و پرسـیارەکانی بەکارهێنەرانـی بونیادئەنێـت.




وێنەی (٢)

بونیادنانی بۆشاییەکان لە وەڵامدانەوە زمانییەکانی چات جی پی تیدا

وەک لـە وێنەکـەدا دەرئەکەوێـت، گفتوگـۆ زمانییەکـە لـە نێـوان مـرۆڤ و ئامێـردا روویـداوە. ئامێـرە تەکنۆلۆژییەکـە بـە پێـی ئـەو بۆشـاییەی، کـە بـۆی دیاریکـراوە، بۆشـایی بنەڕەتـی بـۆ مرۆڤەکـە بونیـاد ئەنێـت و گفتوگۆکـە لەسـەر بنەمـای داواکارییەکانـی مـرۆڤ بـەردەوام ئەبێـت. لـە بارودۆخـی تـردا، زیرەکیـی دەسـتکرد لەسـەر چـات جـی پـی تـی، هەوڵـی

بونیادنانـی چەنـد بۆشـاییەکی بونیادنـەر ئـەدات، بـۆ ئەمەیـش چاتەکـە بـە چەندجـار دووبارەکردنـەوەی هەمـان پرسـیار، تاقیکراوەتـەوە. دەرکـەوت هەمـوو جارێـک بـە جۆرێـک (جـۆرەکان لـە روانگـەی بۆشـایی بنەڕەتییـەوە هاوشـێوە و یەکسـانن، بـەڵام لـە چەنـد روانگەیەکـی تـروە جیـاواز دەرئەکـەون)، وەڵام ئەداتـەوە. وێنەکانـی(٣-ا، ب، پ)، وەڵامەکانـی چـات جـی پـی تیـن بـۆ هەمـان پرسـیار، بـەڵام بـە فـۆرم و ناوەڕۆکـی تـا رادەیـەک جیـاوازەوە، کـە ئـەم جیاوازییـەش بـۆ هەوڵـی چاتەکـە ئەگەڕێتـەوە لـە بونیادنانـی چەنـد بۆشـاییەکی بونیادنـەری جیـاوازدا، تاوەکـو داواکارەکـە قایـل بـکات.


چۆن خۆمان لە نەخۆشی بپارێزین؟

چەند ڕێگەیەک هەیە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشی: ا.
بە بەردەوامی دەستەکان بە ئاو و سابون بشۆ. 2- پاک و خاوێنی باشی کۆئەندامی هەناسەدان بە داپۆشینی دەم و لووت بە شانە یان ئەژنۆ لەکاتی کۆکە یان پژمین.
پاراستنی خۆراکی تەندروست و مانەوە لە ئاودا. 4- وەرزشکردن بە بەردەوامی بۆ بەرزکردنەوەی سیستەمی بەرگری لەش.
دوورکەوتنەوە لە بەرکەوتنی نزیک لەگەڵ کەسانی نەخۆش. ٦- کوتان بکە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییە درمیەکان.
پاککردنەوە و تەعقیمکردنی ئەو ڕووکارانەی کە زۆرجار دەستیان لێدەدرێت.
پابەندبوون بە ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی تەندروستی گشتی. 9- ئەگەر نیشانەکانی نەخۆشیت بۆ دەرکەوت، سەردانی پزیشک بکە.
بە پەیڕەوکردنی ئەم کارانە، دەتوانیت یارمەتیدەر بیت لە پاراستنی خۆت و کەسانی دیکە لە نەخۆشی.

وێنەی (٣-ا)

هەوڵدانی چات جی پی تی لە بونیادنانی بۆشایی بونیادنەردا


چۆن خۆمان لە نەخۆشی بپارێزین؟

بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشیەکان دەتوانین ئەم ڕێنماییانە جێبەجێ بکەین:
1- زوو زوو دەستەکان بە ئاو و سابون بشۆ بۆ ماوەی لانیکەم 20 چرکە. 2- پاک و خاوێنی باشی کۆئەندامی هەناسەدان بە داپۆشینی دەم و لووت بە شانە یان ئەژنۆ لەکاتی کۆکە یان پژمین. 3-دوورکەوتنەوە لە بەرکەوتنی نزیک لەگەڵ ئەو کەسانەی کە نەخۆشن. 4. پاراستنی دووری کۆمەڵایەتی و پەیڕەوکردنی ئەو ڕێنماییانەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تەندروستیەوە دابینکراون. 5. کوتانی ئەو نەخۆشیانەی کە دەتوانرێت ڕێگری لێبکرێت. 6-خۆراکێکی تەندروست بخۆ و بە بەردەوامی وەرزش بکە و بڕێکی پێویست بخەویت بۆ ئەوەی کۆئەندامی بەرگری لەشت بەرز بکاتەوە. 7. پاککردنەوە و تەعقیمکردنی ئەو ڕووکارانەی کە زۆرجار دەستیان لێدەدرێت. 8- لە ماڵەوە بمێنەرەوە کاتێک هەست بە ناخۆشی دەکەیت بۆ ئەوەی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە بکەیت.
ئەمانە ڕێوشوێنی گشتین کە دەتوانن یارمەتیدەر بن لە کەمکردنەوەی مەترسی تووشبوون و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان. گرنگە ئاگادار بیت لە پێشنیارەکانی تەندروستی تایبەت کە پەیوەندییان بە بڵاوبوونەوەی بەردەوام یان پەتاکانەوە هەیە.

وێنەی (٣-ب)

هەوڵدانی چات جی پی تی لە بونیادنانی بۆشایی بونیادنەردا


چۆن خۆمان لە نەخۆشی بپارێزین؟

بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشیەکان پێویستە ئەم ڕێنماییە گشتیانە جێبەجێ بکەین:
**پاک و خاوێنی دەستەکان**: زوو زوو دەستەکانت بە ئاو و سابون بشۆ بۆ ماوەی لانیکەم 20 چرکە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە شوێنە گشتیەکان بوویت، بە بەکارهێنانی ئاودەست، پێش نانخواردن، و دوای کۆکە یان پژمین.
**دەم و لووتت داپۆشە**: لە کاتی کۆکە یان پژمیندا دەم و لووتت بە شانەیەک یان ئەژنۆت داپۆشە بۆ ئەوەی میکرۆبەکان بڵاونەبنەوە.
**پراکتیزەکردنی دووری کۆمەڵایەتی**: پاراستنی دوورییەکی سەلامەت لە کەسانی تر بەتایبەت لە شوێنە قەرەباڵغەکان بۆ کەمکردنەوەی مەترسی گواستنەوە.
**لە ماڵەوە بمێنەرەوە لەکاتی نەخۆشکەوتن**: ئەگەر هەستت بە ناخۆشی کرد، لە ماڵەوە بمێنەرەوە بۆ ئەوەی نەخۆشییەکە بۆ کەسانی تر بڵاو نەبێتەوە.
**کوتان بکە**: پەیڕەوی لە خشتەی کوتانی وڵاتەکەت بکە بۆ ئەوەی خۆت بپارێزیت لە نەخۆشییە خۆپارێزییەکان.
**پاراستنی شێوازی ژیانی تەندروست**: خۆراکێکی هاوسەنگ بخۆ، بە بەردەوامی وەرزش بکە، بەشی پێویست بخەو، سترێس بەڕێوەببە بۆ ئەوەی کۆئەندامی بەرگری لەش بەهێز بمێنێتەوە.
**دوورکەوتنەوە لە بەرکەوتن لەگەڵ کەسانی نەخۆش**: بەرکەوتنی نزیک لەگەڵ ئەو کەسانەی نەخۆشن سنووردار بکە بۆ ئەوەی تووش نەبن.
**پاککردنەوە و تەعقیمکردن**: بە بەردەوامی پاککردنەوە و تەعقیمکردنی ئەو ڕووکارانەی کە زۆرجار دەستیان لێدەدرێت بۆ کەمکردنەوەی بڵاوبوونەوەی میکرۆبەکان.
**پەیڕەوکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان**: ئاگاداربە لە ڕاسپاردە تەندروستییەکانی دەسەڵاتداران و پابەند بە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکان بۆ پاراستنی خۆت و کەسانی دیکە.
لەبیرت بێت ئەم ڕێکارانە یارمەتیدەر دەبن بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکان و تەندروستی خۆت و کۆمەڵگاکەت.

وێنەی (٣-پ)

هەوڵدانی چات جی پی تی لە بونیادنانی بۆشایی بونیادنەردا

هەمـوو ئەمانـە و چەنـد رێـگای تـرش لـە هاوبەشـی و پەیوەندییەکانـی نێـوان زمـان و تەکنۆلۆژیـا لـە ئێسـتادا هـەن، بـەڵام ئـەوەی پەیوەسـتبێت بـە لێکدانەوەکانـی تیـۆری بۆشـاییە ئاوەزییەکانـەوە، لـەو چەنـد نموونەیـەدا خراونەتـەڕوو. لـە کاتێکـدا

تۆمارکردنی دەنگ، راستکردنەوەی هەڵە ڕێنووسی و ڕێزمانییەکان، گۆڕینی دەنگ بۆ نووسین و بە پێچەوانەشەوە، خوێندنەوەی مێشک بە هۆی ئامێرەوە... هتد، چەندین نموونەی تری ئێستایین، کە هاوبەشییەکانی نێوان زمان و ئامێر و تەکنۆلۆژیا ئەنوێنن. هەرچەندە زمانەوانیی وەک (نوام چۆمسکی، وە/ جەلال، بەهرە، ٢٠٢٣: ١٠) بڕوای وایە، کە "زمان توانایەکی زگماکیی مرۆڤە و پێشکەوتنەکانی ئەم دواییە لە بواری فێربوونی ئامێردا، هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بە زمان، بیرکردنەوە، فێربوون و زانینەوە نییە". لە کاتێکدا و لە روانگەی ئەو پەیوەندی و هاوبەشیانەوەی، کە لەنێوان هەرکام لە زمان و تەکنۆلۆژیا و ئامێر و زیرەکیی دەستکرددا خرانەڕوو، کاریگەری و کاردانەوەکان بە پێی تیۆری بۆشاییە ئاوەزییەکان و ئەو لێکدانەوانەی، کە بۆ دارشتەی دەربڕاوە زمانییەکان و بونیادنانی بۆشاییە بنەڕەتی و بونیادنەرەکان خرانەڕوو، ئاماژە بە جۆرێکی لاساییکردنەوەی زمانیی لە تەکنۆلۆژیادا ئەدەن و بەهۆیانەوە ئەتوانرێت ئاڕاستەی پەیوەندییەکان لە نێوان دوو مرۆڤی ئاخێوەردا، بۆ مرۆڤێکی ئاخێوەر و ئامێرێکی زیرەکیی ئاخێوەر بگۆڕێت، کە ئەمەش بە جۆرێک لە لاساییکردنەوەی توانا و لێهاتوویە زمانییەکانی مرۆڤ دائەنرێت.

## ئەنجامەکان:

١- زمان و پێواژۆ زمانییەکان، بە سروشتی تایبەتییەوە، سەرەکیترین ئامێری بەشداری تەکنۆلۆژیا و داهێنراوە سەردەمییەکانی تەکنۆلۆژیان. ئەمەیش وایکردووە زمان ببێتە هۆکاری یەکەمین لە پەیوەندیگرتنی نێوان مرۆڤ و تەکنۆلۆژیادا. ئەم راستییەیش لە زیرەکیی دەستکرد و خزمەتگوزارییە تەکنۆلۆژییەکاندا روون و بەرچاوە. ئەمەیش ئەوە ئەسەلمێنێت، کە دەربڕاوەکان لە تەنها سەرچاوەیەکی زمانیی و پێڕەوە زمانییەکانەوە نەهاتوون. هاوتا لەگەڵ ئەوەدا، چەندین پێڕەوی تری نازمانیی هەن، کە رۆڵیان لە بونیادنانی دارشتە زمانییەکاندا هەیە.
٢- بۆشاییە ئاوەزییەکان، مەوداکانی گوزارشت بۆ ئاخێوەران ئەڕەخسێنن، بۆ ئەمەیش هەرکام لە بۆشاییە بنەڕەتییەکان و بۆشاییە بونیادنەرەکان، نمایشی ئاستی درکپێکردن لە نواندنە زمانییەکاندا ئەکەن.
٣- لە هەرکام لە وەڵامدانەوەکانی گوگڵ و چات جی پی تی دا، سرووشتی کارکردنی تیۆری بۆشاییە ئاوەزییەکان(بە دیاریکراویش بۆشاییە بنەڕەتی و بونیادنەرەکان) بە روونی هەستیان پێ ئەکرێت و رۆڵێکی گرنگ لە کارکردن و پاشانیش پێشخستنی داهێنراوە تەکنۆلۆژییەکاندا ئەبینن. بۆ ئەوەیش، پلاتفۆڕم و بەرنامە و داهێنانە تەکنۆلۆژییەکان، لەڕێی پێشکەشکردنی هاوکاریی و خزمەتگوزارییە زمانییەکان (لە چەشنی وەرگێڕانی گوگڵ و چات جی پی تی)یەوە، هەمیشە لە هەوڵی قایلکردنی بەکارهێنەرانی تەکنۆلۆژیادان.

استراتيجية العمل باللغة التكنولوجية من منظور نظرية الفضاءات الذهنية

د. نالي ادهم غريب

مدرس، قسم اللغه الكرديه، كلية التربية الشهرزور، جامعة حلبجة، حلبجة، اقليم كردستان، العراق

The Strategic of Technological Language Working from the Perspective of the Theory of Mental Spaces

,Dr. Nali Adham Gharib

Lecturer, Kurdish Department, Education College of Sharazoor, University of Halabja, Halabja, Kurdistan Region, Iraq

الخلاصة

يندرج هذا البحث في إطار (اللسانيات المعرفية)، ويخصص بشكل خاص لإحدى نظريات فرع (الدلالات المعرفية) وهي نظرية (الفضاءات الذهنية). ولهذا الغرض، تمت دراسة العديد من الجوانب اللغوية واستخدامات اللغة في الحياة اليومية وكيفية تأثير العمليات والأحداث اللغوية على الأنظمة التكنولوجية. أي أن مساهمات وتأثيرات اللغة واللغويات والتكنولوجيا والعلاقات بين كل منها، يتم شرحها بالأمثلة وتحليل البيانات اللغوية والتكنولوجية. وقد جرت محاولات للربط بين اللغويات والتكنولوجيا والاستخدامات اليومية للإنترنت والابتكارات الجديدة مثل الذكاء الاصطناعي وChatGPT. يتم توفير الأمثلة والجوانب العملية، بما في ذلك التحليل النظري والتعبيري للغة، وخدمات الإنترنت، والصور الإثباتية. في النظرية الفضائية الذهنية، تأتي جميع التعبيرات من مجال معين من محتوياتها. تسمى المجالات بالمساحات، لأنها منطقة لحدوث أي شيء. عندما يتحدث المتحدث عن الشخص أو الحدث أو الظاهرة وما إلى ذلك، فإنه يبني خطابه من المساحات العاطفية الخاصة بالشخص أو بالحدث أو بالظاهرة وما إلى ذلك. ويلعب الفضاءان أيضًا دورًا في عملية البناء هذه و يسمى الفضاء الأساسي والفضاء المبني. تتبع اللغة المستخدمة في التكنولوجيا نفس الإستراتيجية وتقدم خدماتها للمستخدمين من منظور مساحاتها الخاصة. ومن ثم يتم عرض تفاصيل نظرية الفضاءات العقلية وتفسيراتها للتعبيرات اللغوية، و بعد ذالک يتم عرض الربط بين كل هذا و اللغة التكنولوجية، في التعبيرات اليومية والعمليات اللغوية المتعلقة بالتكنولوجيا.

**الكلمات المفتاحية: الدلالات، المعرفية، الفضاء الذهني، الفضاء الأساسي، الفضاء المبني، لغة التكنولوجيا.**

## Abstract

This research is within the framework of (cognitive linguistics) and is specifically dedicated to one of the theories of the branch (cognitive semantics), which is the theory (mental spaces). For this purpose, several linguistic aspects and language uses of everyday life and how linguistic Processes and events affect technological systems have been examined. That is, the contributions and effects of language, linguistics, technology and the relationships between each are explained with examples and analyzed linguistic and technological data. An attempt has been made to make a connection between linguistics, technology, the daily uses of the Internet, and new innovations such as artificial intelligence and ChatGPT. Examples and practical aspects are provided, including theoretical and expressive analysis of language, Internet services, and proof images. In the theory of Mental Spaces, all expressions come from a specific Domain of their

contents. Domains are called spaces because they are an area for anything to happen. When the speaker talks about a person, an event, a phenomenon, etc., he/she builds his/her speeches from the emotional spaces specific to the person, event, phenomenon, etc. Two Spaces also play a role in this construction process, called Basic Space and constructed Space. The language used in technology follows the same strategy and offers its services to users from the perspective of its own specific spaces. Thus, the details of the theory of Mental Spaces and its interpretations of linguistic expressions, and then a link between all of this and technological language, in everyday expressions and linguistic operations related to technology, are presented.

**Keywords: Semantics, Cognitive, Mental Space, Base Space, Constructed Space, Language of Technology.**

## سەرچاوەکان:

١) بە زمانی کوردی:

ا- نامەی زانکۆیی:

- حـم غەریـب، بەهـرە سـلام.، (٢٠١٥)، شرۆڤەکردنـی مەرجـی ڕاسـتەقینەیی لـە واتـای زمانیـدا، نامـەی ماسـتەر، زانکـۆی سـلێمانی، کۆلێـژی زمـان.

- نەبـی، ڕێبـوار ئەحمـەد.، (٢٠١٥)، پەیپێبردنـی شـاوەچە لـە سـیمانتیکی درکپێکـردن لـە زمانـی کوردیـدا، نامـەی ماسـتەر، فاکەڵتیـی ئـاداب، زانکـۆی سـۆران.

ب- گۆڤار:

- جەمـال، نـەوزاد.، (٢٠١٥)، پەیوەندیـی نائاسـایی زمـان و فەلسـەفە لـە نوسـین و وەرگێڕانـی کوردیـدا، گۆڤـاری ڕامـان، ژمـارە (٢١٧)، لا: (١١٠-١١٧)، هەولێـر.

- عەبدوڵـڵا، مەهابـاد کامیـل.، (٢٠١٧)، کۆزانیـاری زمانیـی لـە شـیعرەکانی (فەرەیـدوون عەبـدول)دا، گۆڤـاری زانکـۆی ڕاپەڕیـن، سـاڵی چـوارەم، ژمـارە (١٣)، لا: (٦٠٣-٦٢٦)، کۆنفرانسـی (کاریگـەری زمـان و ئـەدەب لەسـەر بنیـادی هـزری و درێژەپێدانـی زانسـتی).

- قـادر، کاروان عومـەر و ئیبراهیـم شـیلان ڕەحیـم.، (٢٠١٩)، پەیپێبردنـی فەرهەنگـی ئاوەزیـی زمانـی کـوردی لـە چێـوەی زانسـتی زمانـی درکپێکردنـدا، گۆڤـاری زانکـۆی هەڵەبجـە، ژمـارە (٧)، لا ٢٦-٦٢.

- QADIR, K.O. and Gharib, N.A.، ٢٠١٩. Metonymic Dimension in Kurdish grammar. Twejer Journal, ٢(٤), pp.٣٨٥-٤٣٤.

- کاروان عمـر قـادر and نـالي ادهـم غريـب, ٢٠٢٣. القواعـد البنيويـة في اللغـة الكردية/ڕێزمانـی بونیادنـان لـە زمانـی کوردیـدا: ڕێزمانـی بونیادنـان لـە زمانـی کوردیـدا توێژینەوەیەکـی هەڵهێنجـراو (مسـتل) ە لەنامـەی دکتـۆراوە وەرگیـراوە. Journal of the College of Languages (JCL), (٤٧), pp.٣٤٧-٣٧٣.

- Qadir, K.O. and Gharib, N.A.، ٢٠٢٤. Morphological Processes of Construction Grammar. Halabja University Journal, ٩(١), pp.٢١-٤٠.

- چۆمسـکی، نـوام.، زمـان و زیرەکیـی دەسـتکرد، چاوپێکەوتـن لەگـەڵ نـوام چۆمسـکی، وە: جـەلال، بەهـرە.، (٢٠٢٣)، گۆڤـاری زمانەوانیـی، زانکـۆی جیهـان، ژمـارە (١)، سـاڵی یەکـەم، لا: ٩-١٢.

پ- ماڵپەری ئەلیکترۆنی:

https://amro.tech/chatgptkurdish?fbclid=IwAR٣ce٤jjJ٢٢MCK٤s٨o٩lhfbcLh٩WfOTpftMsxFIfMVyWxUxZ٧Xs١ni-HYeY

٢) بە زمانی ئینگلیزی:

ا- کتێب:

- Croft, W., and Cruse, A., (2004), Cognitive Linguistics, Cambridge University Press, New York.

- Evans, Vyvyan., And Green, Melanie., (2006), Cognitive Linguistics, An Introduction, Edinburgh University Press, Great Britain.

- Fauconnier, G., (1994), Mental Spaces, Aspects of Meaning Construction in Natural Language, Cambridge University Press, UK.

- (1997), Mappings in Thought and Language, Cambridge University Press, UK.

ب- نامەی زانکۆیی:

- O'Reilly, Cliff., (2014), Computational Linguistic Models of Mental Spaces, MA, University of Essex, UK.

پ- گۆڤاری زانستی:

- Liu, Hui., and Gao, Yueqin., (2010), Mental Space Theory and Misunderstanding, Journal of English Language Teaching, Vol: 3, No: 4, 7586-.

ت- ماڵپەری ئەلیکترۆنی:

www.Google.com -

https://translate.google.com -